# ئیتیکی ئەکادیمی لای مامۆستای زانکۆ
# (توێژینەوەیەکی مەیدانییە لەروانگەی مامۆستایانی زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان)

(PP 341 - 359)

**م. هەردی زیاد صالح**
زانکۆی کۆیە / فاکەڵتی پەروەردە
Hardizead@gmail.com

**م. شهلاء ولی جبار**
زانکۆی سەلاحەددین/ کۆلێژی ئەدەبیات/کۆمەڵناسی
Shahlaa.jabbar@su.edu.krd

**م. میران محمد صالح**
زانکۆی سۆران / فاکەڵتی پەروەردە
MiranMuhammad@gmail.com

**مێژووی وەرگرتن: 2016/10/19**

**مێژووی پەسندکردن:2016/11/29**

## پوختە

مامۆستای زانکۆ، وەک کارەکتەرێکی سەرەکی و کارا لەنێو زانکۆ، ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لە چەندێتی و چۆنیەتیی پێشکەوتنی و بەرهەمهێنانی مەعریفەی زانستیی لە کایەی ئەکادیمیدا. لە ئەرکەکانی مامۆستای زانکۆ: فێرکردن، ئاراستەکردن و پەروەردەکردنی قوتابییە، تاوەکو لەدوای دەرچوونی لە زانکۆ، بتوانێت ئەو مەعریفەیەی وەریگرتووە، لەبواری ژیانی پیشەیی و کۆمەڵایەتیی خۆیدا پراکتیزەیان بکات و سوودی بۆ خۆی و کۆمەڵگاکەی هەبێت. ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات تیشک بخاتە سەر ئەو خەسڵەتانەی لەڕوانگەی مامۆستایانی زانکۆوە بەباش دەزانرێت، کە مامۆستایانی زانکۆ هەڵگریان بن، هەروەها زانینی جیاوازیی تێڕوانینی مامۆستایان بۆ ئەم رەفتارە ئیتیک ئامێزانە بەپێی (تەمەن، رەگەز، پلەی زانستیی، بڕوانامە، زانکۆ و ساڵانی خزمەت). ئەو میتۆدانەی لەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتوون (رووپێوی کۆمەڵایەتیی، بەراوردکاریی)ن. هەروەها کۆمەڵگای توێژینەوەکەش بریتییە لە زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان (سەڵاحەددین، سلێمانی، دهۆک، کۆیە و سۆران). جۆرو قەبارەی نموونەکە بریتییە لە نموونەیی(هێشوویی) بە قەبارەی (١٧٤) مامۆستای میلاکی ئەو زانکۆیانە، بە پلەی زانستیی جیاواز، ئینجا چ ئافرەت یان پیاو بن. راستێتیی(93.95 %) و جێگیریی پرسیارنامەکە(٠.٨٩١). ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بەپێی چەند تەوەرێک خراونەتە روو، گرنگترینیان: سەبارەت بە وانەکان و پرۆسەی وانەوتنەوە. سەبارەت بە ریزگرتن لە هاوپیشە و ڕێنماییەکانی زانکۆ. سەبارەت بە چۆنییەتی هەڵسەنگاندنی قوتابی. سەبارەت بە پەیوەندی نێوان مامۆستا و قوتابی. هەروەها هیچ جیاوازییەکی ئامارژەداری ئاماریی لە نێوان تاکەکانی نموونە بەپێی گۆڕاوەکانی (زانکۆ، تەمەن، جۆری بڕوانامە، شوێنی بەدەستهێنانی بڕوانامە، پلەی زانستی، پسپۆری و، ساڵانی خزمەتی زانکۆیی). سەبارەت بە ئیتیکی ئەکادیمی لای مامۆستایانی زانکۆ نییە. بەڵام جیاوازی ئاماژەداری ئاماریی لە نێوان تاکەکانی نموونە بەپێی گۆڕاوی (رەگەز) سەبارەت بە ئیتیکی ئەکادیمی لای مامۆستایانی زانکۆ هەیە. جیاوازیەکەش بۆ ئەو مامۆستایانە دەگەڕێتەوە کە لە رەگەزی (مێ)ن.

**کلیلەکانی توێژینەوە:** ئیتیکی ئەکادیمی، مامۆستای زانکۆ.

## پێشەکی

پێگە، ئاست و ناوبانگی ئەکادیمی هەر زانکۆیەک وەک دامەزراوەیەکی فێرکاریی، وابەستەیە بە پێگە، ئاستی زانستی و ئیتیکی دەستەی وانەبێژانییەوە، کە مامۆستایانی زانکۆن. لەم سەردەمەدا زۆربەی دەوڵەتە پێشکەوتووەکان بایەخێکی زۆر بە توانستییەکانی مامۆستای زانکۆ دەدەن، بەوپێیەی رۆڵێکی گرنگیان هەیە لە پێشکەوتنی رەورەوەی مەعریفەی زانستیی. هەربۆیە زانکۆ بەناوبانگەکانی جیهان جگە لە گرنگیدانیان بە ئاستی زانستی مامۆستا، ئەوا بایەخێکی زۆریش بە لایەنیی ئیتیکی و ئیتیکی ئەکادیمی مامۆستای زانکۆ دەدەن. هەروەها هەڵسەنگاندنیی ئاستیی مامۆستای زانکۆ، لەسەر ئاستیی جیهان بەگشتیی و لە وڵاتە پێشکەوتووەکان بەتایبەتیی، بووەتە بابەتێکی بایەخدار و گرنگییەکی زۆری پێ دەدرێت. ئەوەتا لە وڵاتە تازە پێگەیشتووەکانیش هەوڵ دەدرێت، بەڵام بەگوێرەی پێویست نییە، لەبەر ئەوەی لە زانکۆکانی ئەم وڵاتانە، رێچکەی تەقلیدیی پەیرەو دەکرێت بۆ هەڵسەنگاندنی مامۆستای زانکۆ، کە ئەویش بریتییە لە: سستمی بەرزکردنەوەی پلەی زانستی بەهۆی ئەنجامدانی چەند توێژینەوەیەکی دیاریکراوەوە، ئەمەش هۆکارێکی سەرەکییە بۆ ئەوەی مامۆستای زانکۆ، پاش ئەوەی پلەی زانستییەکەی بەرز دەکاتەوە، ئیتر جێگیر دەبێت و پشت دەکاتەوە لەوەی پەرە بە بەهرەکانی بدات و داهێنانی زیاتر بکات، هەر ئەم حاڵەتەشە دەبێتە هۆی نزمبوونەوەی ئاستیی مەعریفیی مامۆستا و دواجار توخمەکانی دیکەی پرۆسەی فێرکاریش زەرەرمەند دەبن، کە گرنگترینیان قوتابییە.

پرۆسەی فێرکاریی لە زانکۆ، تەنها بریتیی نییە لە ئالوگۆڕکردنی مەعریفیی، بەڵکو لەگەڵیشیدا، ئاراستەکردنی قوتابییە لەرووی: پەروەردەیی، ئیتیکیی، بەهرە و داهێنان، هەروەها راهێنانی قوتابیی لەسەر چۆنیەتیی بەکارهێنانی زیرەکیی و بەهرەکانی لەبواریی پسپۆرییەکەیدا و چۆنیەتیی خزمەتکردنیی کۆمەڵگاکەی. بێگومان، لێرەدا مامۆستایی زانکۆ زۆرترینیی بەرپرسیارەتییەکانی

دەکەوێتە ئەستۆ، لەوەی چۆن خۆی بکاتە پێشەنگێک بۆ قوتابییەکانی تاوەکو بتوانن خەسڵەتە ئەکادیمی و ئەخلاقییەکانی مامۆستاکانیان لە چوارچێوەی پرۆسەی پەروەردەییدا، کەمر تازۆر، وەربگرن و لە خۆیانیدا پراکتیزی بکەن.

هەنوکە، ژمارەی ئەوانەی دەچنە زانکۆکان، ساڵ لەوای ساڵ لەزیادبووندان، بەتایبەت لەدوای ئەوەی زانکۆی نوێ یان کردنەوەی زانکۆی ئێواران هەروەها زیادبوونی بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیای نوێ لە پرۆسەی خویندن (داتاشۆ، ئینتەرنێت، بلوتوز...هتد)، زێتر لەوەش، پابەندبوون بە بنەماکانی دڵنیایی جۆریی و هەڵسەنگاندنی ئاستی زانستی مامۆستایانی زانکۆ، زیادبوونی ژمارەی زانکۆ حکومیی و کەرتیی تایبەت، بۆ لەخۆگرتنی ژمارەیەکی زۆری قوتابیان...هتد، هەموو ئەمانە وادەکەن کە بەرپرسیرەتیی مامۆستای زانکۆ قورستر بێت و واپێویست دەکات گۆڕانکاریی لەو رۆڵەیدا دروست بکات، کە دەیگێڕێت، لەبەر ئەوەی مامۆستای زانکۆ لەپێشەوەی هەموو شتەکانی دیکەوە دێت، کە کاریگەرییەکی یەکجار زۆری لەسەر بەڕێوەچوونی پرۆسەی فێرکاریی هەیە. گومانی تێدانییە کە باشیی و کوالیتیی ئەو ئەرکەی بە مامۆستای زانکۆ سپێردراوە، لە رەگەزە زەرورییەکانە و زۆریش کاریگەریی هەیە لەسەر باشترکردنی دەرهاوێشتەکان(out pute)ی زانکۆ و کوالیتیی مەعریفەی ئەکادیمیی. لێرەدا مامۆستای زانکۆ توخمی سەرەکییە و بەڕێوەبەر و کۆنترۆڵکاریی هۆڵی وانەوتنەوەیە، ئاراستەکاری قوتابیانە لەرووی مەعریفیی و کۆمەڵایەتیی و دەرونییەوە، ئەو پاڵنەر و بزوێنەریی قوتابییە بۆ دەرخستنی توانانکانی، ئەمر ئارامبەخشە، خۆشیی بەخشە، مامۆستای زانکۆ، لێبووردەیی، خۆگونجان، هاوژیانیی و رێزگرتن فێری قوتابیانی دەکات. ئینجا وەڵامدانەوە و بەرهەستیی قوتابیان، پەرچەکردارە بۆ ئەو رەفتار و ئیتیکەی مامۆستای زانکۆ بەرجەستەی دەکات، بەمپییە، ئەو بەرهەستییە جیاواز دەبێت بەپێی رەفتارە جیاوازەکانی مامۆستای زانکۆ. ئیتیکی ئەکادیمیی، بەشێوەیەکی توندوتۆڵ پەیوەستە بە پرۆسەی پەروەردەییەوە. گرنگی ئیتیک لەنێو پرۆسەی پەروەردەیی، لەوەدایە کە رەهەندێکی کارلێک و دینامیکییەتی نێوان مامۆستا و قوتابییە، کە ئامانجی هەرە سەرەکیی بریتییە لە چاندنی بەهاکان، پابەندبوون بە سیستەمر، کۆشان، دەستپاکی لە کارکردن و پەیداکردنی گیانی هاوکاریی و لێبوردن.

شایانی باسکردنە، لەنێو زانکۆدا بیروباوەڕێکی واهەیە کە تاکەکان لە بیرکردنەوەدا ئازادن و چۆنیان بوێ دەتوانن گوزارشتی لێ بکەن! و ئەمە لە نێو زانکۆدا رێگەپێدراوە، لەمبارەیەوە ئەندرسۆن(١٩٨٨)(Anderson, 1988) دانبەوەدا دەنێت کە هەندێک لەو رەخنانەی لە مامۆستای زانکۆ دەگیرێت، قورس دەکەوێت، بەڵام ئەمە گوزارشتە لە واقیعیی ئەمر سەردەمەی هەندێ لە مامۆستایانی زانکۆ، لەبەر ئەوەی هەندێک لە مامۆستایان بەوە دەناسرێنەوە کە ئاقڵمەندن، راستگۆن و خاوەنی هزرێکی رەخنەگرانەن، کە ئەمەش جێگەی رێزگرتنە، بەڵام هەندێکی دیکەیان، خیانەت لە پیشەکەیان دەکەن، گاڵتە بە قوتابییەکانیان دەکەن و پرۆسەی وانەبێژیی ناوزەڕ دەکەن، ئەمر حاڵەتەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە مامۆستای زانکۆ دەبێت لەڕووی هزری و گوزارشتکردن لە بیروڕاکانی ئازادبێت.

لەرۆژگاریی ئەمڕۆدا، زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بەگشتی ڕووبەڕووی چەندین ئاستەنگ بوونەتەوە، بەهۆی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا و جەختکردنەوە لەسەر بەکارهێنانی ئامرازە تەکنۆلۆژییەکان لە پرۆسەی خوێندندا، زۆربوونی ژمارەی قوتابی، زۆربوونی ژمارەی زانکۆ حکومی و ئەهلییەکان)، دروستبوونی رکابەری لەنێوان زانکۆکان و گرنگیدانی زانکۆکان بە پرۆسەکانی دڵنیایی جۆریی(لە ساڵی ٢٠١٠ دەستکرا بە جێبەجێکردنی ئەمر پرۆسەیە لەسەر هەموو قۆناغەکانی خوێندن لە زانکۆکانی کوردستان، کە تا ئێستا بەردەوامی هەیە. بنەما و پێکهاتەکانی دڵنیایی جۆریی لەناو سیستمی خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان چەند بەرنامەیەک لەخۆ دەگرێت، ئەوانیش:(دڵنیایی جۆریی خوێندن، زانستخوازی بەردەوام، پەرەپێدانی پرۆگرامەکان، هەڵسەنگاندنی هەگبەی مامۆستا و مۆڵەتپێدان و متمانە بەخشین)(ماڵپەڕی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، ٢٠١٤).

ئەمانە وادەکەن، لە زانکۆکانی هەرێمیش، بەرپرسیارەتی و ئەرکی مامۆستای زانکۆ قورستر ببێت، گومانیشی تێدا نییە کە زانکۆ بە تەواوەتی پشت بە مامۆستا دەبەستێ بۆ دەسخستنی ئامانجەکانی، هەربۆیە کوالتی ئەدای مامۆستا بۆ ئەو ئەرکانەی لەلایەن زانکۆوە پێی سپێردراون، کاریگەرییەکی زۆری لەسەر باشترکردنی دڵنیایی جۆریی و دەرهاویشتەکانی هەیە لە زانکۆدا. بۆیە لەبەر گرنگی ئەمر رۆڵە هەستیارەی مامۆستای زانکۆ، ئەوا هەندێک لە بایەخپێدەرانی بواری پەروەردە، گومانیان لەلایەنی ئیتیکی ئەکادیمی مامۆستا هەیە، پێیانوایە هەندێک لە مامۆستایانی زانکۆ سەرکەوتوو نەبوون لە کۆنترۆڵکردنی شێوازی ژیانی ئەکادیمی، یانیش شکستیان هێناوە لە دەرخستنی نموونە رەفتارییە شیاو و قبوڵکراوەکان لەنێو زانکۆدا، هەربۆیەش وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، بەردەوامر لە هەوڵی ئەوەدایە ئەدای مامۆستایان بەرزبکاتەوە، بەردەوامر هەوڵدەدات بۆ ئەوەی بتوانێت ئاستیی زانستیی زانکۆ حکومی و ئەهلییەکان بەرزبکاتەوە، ئەگەرچی حاڵی حازر، بەهۆی قەیرانەکانی هەرێمەوە، رەوشی ئەکادیمی و مەعریفی زانکۆکان شڵەژاون و، مامۆستایان و قوتابیان و دەستەی کارگێڕی زانکۆکانیش، رەنگە نەتوانن بە دروستی و وەک ئەوەی دەویسترێت، ڕۆڵەکانی خۆیان بە تەواوی ببینن. تەوەرەکانی ئەمر توێژینەوەیە بەمشێوەیەن:

**یەکەم: بابەتی توێژینەوە**

مامۆستای زانکۆ کۆڵەگەی سەرەکی و باڵادەستە لەنێو هۆڵەکانی خوێندن، بڕیاردەری یەکەم و کۆتاییە، سەربەخۆیی و ئازادییەکی ئەکادیمی نیمچە رەهای هەیە، هەر ئەویشە کاریگەری لەسەر قوتابی دروستدەکات (دەشێ ئاراستەی قوتابی دروست بکات، سەرکێشی و توانستی، لێبووردەیی و رێزگرتنی لا گەڵاڵە بکات و کاریگەری لەسەر دروست بکات بۆ قبوڵکردنی ئەویتر). کەواتە بەرهەستی قوتابی، پەرچەکردارە بۆ ئەو رەفتارانەی مامۆستای زانکۆ بەرجەستەیان دەکات. بنەماکانی ئەخلاق وابەستەیە بە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردنەوە، ئەمەش بۆ رێکخستنی رەفتاری تاکەکان گرنگە. واتە وابەستەبوونی هەڵسوکەوتی تاکەکان بە بنەما ئیتیکییەکانەوە، دەبێتە هۆی پێبەخشینی چەند سیفەتێکی وەک(جێگیریی، پێکبەستی، گونجان)ی ئەو هەڵسوکەوتانە، کە ئەمەش وا لە تاکەکان دەکات زیاتر ئینتمایان بۆ کۆمەڵگا هەبێت و بتوانن لەگەڵیدا بگونجێن.

ئینجا لەبەر ئەوەی زانکۆ و خوێندنی ئەکادیمی بەرپرسن لە ئامادەکردنی نوخبەی هزریی، زانستیی و پیشەیی بۆ کۆمەڵگا و پێشخستنی دامەزراوە ئەکادیمییەکان. زێتر لەوەش، ئەو دەوروبەرە فێرکارییەی رەهەندێکی مرۆیی هەیە؛ ئەویانە کە کەشێکی ئیتیکی و پۆزەتیڤ دەڕەخسێنێت تاوەکو قوتابی بتوانێ ساڵەکانی خوێندنی بەسەرکەوتوویی تەواو بکات، چونکە قۆناغەکانی خوێندن، هزر و بیرکردنەوە و هەڵوێستە کۆمەڵایەتییەکانی لەنێو دامەزراوەی ئەکادیمیدا فۆرمەلە دەکات، کە هەموو ئەمانە لەو رەفتار و هەڵسووکەوتانەی مامۆستای زانکۆوە وەریاندەگرێت، کە دەینوێنێت. بەهرەمەندیی وانەبێژیی تەنها پشت بە مەعریفەیەکی زۆر نابەستێ کە مامۆستای زانکۆ هەیەتیی سەبارەت بە پسپۆڕییەکەی، بەڵکو پشت دەبەستێ بە ژمارەیەک خەسڵەتی پەیوەست بە کەسایەتیی، کۆمەڵایەتیی و دەروونی کە یارمەتیدەرن بۆ سەرکەوتنی مامۆستای زانکۆ لە کارەکەی، لەو خەسڵەتانەش، بۆ نمونە: زیرەکی، زمانزانیی، هزرێکی سیستماتیک و لۆژیک بین، دەروندروستی یان خاوەنی هاوسەنگیی دەروونی بێت، حەز و خولیای هەبێت بۆ وانەبێژیی، دەستپاک بێت لە توێژینەوە و وەرگرتن و گواستنەوەی مەعریفەی زانستیی... هتد. پرسی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە: ئەو خەسڵەتانە کامانەن، کە پێویستە مامۆستای زانکۆ هەڵگریان بێت و، بەهۆیانەوە بناسرێتەوە؟. ئایا مامۆستایانی زانکۆ تاچەند پابەندیی ئەخلاقی ئەکادیمییان دەبن؟. بەپێی بۆچوونی مامۆستایانی زانکۆ، ئەو سیفەتانە کامانەن؟ کە دەچنە چوارچێوەی ئیتیکی ئەکادیمییەوە؟. هەروەها چەندێتی جیاوازیی بۆچوونی مامۆستایانی زانکۆ ەبارەت بە ئیتیکی ئەکادیمی لای مامۆستای زانکۆ بەپێی (تەمەن، بڕوانامە، رەگەز و کۆلێژ)

**دووەم: گرنگی توێژینەوە**

**دەتوانین گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەم چەند خاڵەی لای خوارەوەبخەینەڕوو:**

١: لەبەر رۆشنایی ئەو گرنگییەی کە ئیتیکی ئەکادیمی لەنێو پرۆسەی ئەکادیمی لە زانکۆدا هەیەتی، کەچی یاسا و رێسا و ڕینماییەکی وورد و کارپێکراو بۆ پێوەرەکانی ڕەفتاری ئەکادیمیستی بوونی نیە. دەشێ هۆکاری ئەمە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هەر تاکێکی ئەکادیمی کە دەبێتە مامۆستای زانکۆ و لەنێو دامەزراوەیەکی زانستیدا کاردەکات، خۆبەخۆیی رەچاوی دابوونەریت و عورفی ئەو ئەکادیمیایە دەکات، کە تێیدا دادەمەزرێت. واتە بەشێوەیەکی وورد شتێک بوونی نییە کە باس لە ئیتیکی ئەکادیمی بکات و وەزارەت و سەرۆکایەتی و زانکۆکان، وەک ڕێنمایی بەسەر راگرایەتی و بەڕێوەبەرایەتی فێرکردنی بەردەوام و ژووری دڵنایی جۆری گشتاندنی بۆ کردبێت، کە لەمیانەیەوە حوکم لەسەر ئەدا یان هەڵسووکەوت و ئەو رەفتارانەی مامۆستای زانکۆ بدات، کە لەبەرامبەر قوتابیان و هاوپیشەکانی خۆی، مومارەسەیان دەکات. ئەمە وایکردووە بابەتی ئیتیکی ئەکادیمی لای مامۆستای زانکۆ بایەخێکی ئێجگار زۆری هەبێت.

٢: ئەرکی سەرەکی مامۆستای زانکۆ تەنها لە پڕکردنەوەی مێشکی قوتابی بە زانست و مەعریفەدا کورتنابێتەوە، بەڵکو ئەرکی گرنگتری ئەو ئاراستەکردن و رێنیشاندانی قوتابییە تاوەکو بتوانێت ئەو شتانەی لە زانکۆدا فێریان دەبێت، لە داهاتوودا و لە ژیانی رۆژانەیدا سوودی لێ ببینێت. بتوانێت ئەو رەفتارانە هەڵگرێت و لە کەسایەتی خۆیدا بەرجەستەیان بکات و، لەو هەڵسووکەوتانە خۆی بەدوور بگرێت کە نەگونجاون و شیاویی کەسی ئەکادیمی نین.

**سێیەم: ئامانجەکانی توێژینەوە**

**ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات بەچەند ئامانجێک بگات، لەوانەش:**

**یەک: زانینی بۆچوونی مامۆستایانی زانکۆ لەبارەی:**

١- وانەکان و پرۆسەی وانەوتنەوە.

٢- ریزگرتن لە هاوپیشە و رێنماییەکانی زانکۆ.

٣- چۆنییەتی هەڵسەنگاندنی قوتابی.

٤- پەیوەندی نێوان مامۆستا و قوتابی.

**دوو: بەراوردکردن و جیاوازی نێوان بۆچوونی مامۆستایانی زانکۆ لەبارەی ئیتیکی ئەکادیمی مامۆستای زانکۆ بەپێی گۆڕاوەکانی توێژینەوە.**

١- زانکۆ:

٢- ڕەگەز:

٣- تەمەن:

٤- جۆری بڕوانامە:

٥- شوێنی بەدەستهێنانی بڕوانامە:

٦- پلەی زانستی:

٧- پسپۆری:

٨- ساڵانی خزمەتی زانکۆیی:

**چوارەم: دیاریکردن و ناساندنی چەمکەکانی توێژینەوە**

**١: مامۆستای زانکۆ:**

پرۆسەی فێربوون پێویستیی بە دەستەیەکی مامۆستایان هەیە، کە دەستپێشخەری و بەردەوامییان هەبێت و هزریی داهێنانکارانەیان پێبێت. بەجۆرێک ناکرێت مامۆستای زانکۆ هزرێکی نەگۆڕیی هەبێت، یەک بیرکردنەوی بەسەر دەوروبەردا بسەپێنێت(البصيص، ٢٠١١، ص١٠). لەم سەردەمەدا، ئەرکی نوێ بۆ مامۆستای زانکۆ زیادی کردووە و بریتین لە:(وانەبێژی داهێنانکارانە، توێژینەوەی زانستی ڕەسەن، ڕاهێنانی کارا، ئەنجامدانی ووۆرکشۆپی تەکنیکیی و پەروەردەیی، فێرکردنی بەردەوام و خزمەتکردنیی کۆمەڵگا و مرۆڤایەتی)(الخولي، ٢٠٠٩، ص ٣٧٥). مامۆستای زانکۆ ئەو کەسەیە کە ئەرکی وانەوتنەوە لە زانکۆ لەئەستۆ دەگرێت، ئینجا ئەو کەسە (پیاو یا ئافرەت)بێ، یانیش ئەو کەسە(پرۆفیسۆر، پرۆفیسۆری یاریدەدەر یان مامۆستا، مامۆستای یاریدەدەر) بێت (الحوراني و طناش، ٢٠٠٦، ص٣٥٩). هەروەها مامۆستای زانکۆ ئەو کەسەیە کە بڕوانامەی (ماستەر یان دکتۆرا)ی بەدەست هێناوە لە بواریی پسپۆڕیی خۆیدا، ئەرکەکانی بریتیین لە(وانە بێژیی، توێژینەوەی زانستی و خزمەتکردنی کۆمەڵگا یان وانە بێژیی و ڕاهێنان و ئامادەکردن لە نێو ناوەندەکانی توێژینەوەی زانستی پاشکۆی زانکۆ حکومییەکان یان پاشکۆی دامەزراوەکانی دیکەی دەوڵەتن)(الزبيدي، ٢٠٠٧، ص١٠٢). لەم توێژینەوەیەدا مامۆستای زانکۆ ئەو کەسەیە کە ئەرکی ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی، وانە بێژیی و ئامادەکردنی قوتابی زانکۆیە بۆ ئەوەی بتوانن لەدوای دەرچوون خزمەت بە کۆمەڵگا بکەن، ئینجا ئەو کەسە (پیاو یان ئافرەت)بێ، یانیش ئەو کەسە (پرۆفیسۆر، پرۆفیسۆری یاریدەدەر یان مامۆستا و مامۆستای یاریدەدەر) بێت.

**٢: ئیتیکی ئەکادیمی:**

کۆمەڵێک خەسڵەتی کەسیی، کۆمەڵایەتیی و دەروونیین، یارمەتیدەرن بۆ ئەوەی مامۆستای زانکۆ لە کارە ئەکادیمییەکەیدا سەرکەوتوو بێت، ئەو خەسڵەتانەش وەک (زیرەکی لەڕووی زانستی، بەهرەمەندی لە زمان، خاوەن بیرکردنەوەی لۆژیکی، دروستی دەرونیی، حەز و خولیای وانە بێژیی هەبێت، نموونە بێت بۆ قوتابی لەڕووی ئەخلاقی و ئەکادیمییەوە). ئەم ئیتیکە ئەکادیمییە، لەچوارچێوەی کردە یان چالاکییەک لەلایەن مامۆستای زانکۆوە دەردەچێت، بەرامبەر خۆی و ئەوانی دیکە، مومارەسەی دەکات و، لەگەڵ دابونەریتی کۆمەڵگا و بیروباوەڕ و پێوەرە ئەکادیمییەکاندا دەگونجێت. واتە لەمیانەی ئەو خەسڵەتە ئەکادیمییانەوە، مامۆستای زانکۆ ڕەفتارێکی زارەکی یان فیزیکیی ئەنجامدەدات، کە پشت بە باکگراوندێکی مەعریفیی و ویژدانیی دیاریکراو دەبەستێت(اللقائي و الجمل، ١٩٩٩، ص ٢٣٤).

**پێنجەم: توێژینەوەکانی پێشوو**

سەبارەت بە توێژینەوەکانی پێشوو، ئەوا کۆمەڵێک توێژینەوە ئەنجامدراوە بەتایبەت لە وڵاتانی ڕۆژئاوا، ئەگەرچی لە وڵاتە عەرەبییەکانیش، ئەم توێژینەوانە کراون سەبارەت بە بابەتەکانی پەیوەست بە مامۆستای زانکۆ لەڕووی ئیتیکی ئەکادیمی و ئەو خەسڵەتانەی پێویستە مامۆستای زانکۆ هەیبێت، تاوەکو بتوانێت کارەکانی بەباشی بەڕێوە بەرێت و ئەرکەکانی وەک توێژەر و

وانەبێژ، بەباشترین شێوە ئەنجامبدات، بێگومان، ئەمەش هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بایەخدان بە زانکۆکان و بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و پێشخستنی مەعریفەی زانستی لە کۆمەڵگادا. لەخوارە چەند توێژینەوەیەکی پێشوو (هاوشێوە و نزیک)، کە پەیوەستن بە بابەتی ئەم توێژینەوەیە، دەخرێنەروو:

**١: خەسڵەتەکانی دەستەی وانەبێژانی زانکۆ: (ابو حمیدان و سواقد، ٢٠٠٨).** ئەم توێژینەوەیە هەوڵیداوە لە روانگەی قوتابیانی زانکۆی موئەتەوە، ئەو سیفەتانە دەستنیشانبکرێن کە قوتابیان بەپێویستی دەزانن لە هەڵسوکەوت و کەسایەتی دەستەی وانەبێژی زانکۆدا هەبن. لێرەدا لەرێگەی میتۆدی وەسفییەوە، بە بەکارهێنانی پرسیارنامە، بۆچوونی ئەو قوتابییانە وەرگیراون کە بە نموونەی (٧٠٠) قوتابی لە (کچ و کوڕ) و بەشێوەی (هەڕەمەکی هێشوویی)، دەستنیشانکراون. ئەم توێژینەوەیە بە چەند ئەنجامێک گەیشتووە: ئەو خەسڵەتانەی کە پێویستە لە مامۆستادا هەبێت، بە سەر سێ لایەندا دابەشکردووە، لایەنی کەسی، پەروەردەیی و پەیوەندی مامۆستا لەگەڵ قوتابی. ئینجا ئەو خەسڵەتە کەسییانەی کە بەلای نموونەکەوە پێویست و زەرورییە لە مامۆستادا هەبێت بریتین لە: ئیتیکێکی باش لەرووی راستگۆیی، دەستپاکی، لێبووردەیی)، (دەستپاکی لەکارکردن و پابەندبوون بە کاتەوە)،(ئارامی، قورسوگرانی و متمانە بەخۆبوون)، (خاوەن مەعریفەیەکی زۆر). بەڵام ئەو سیفەتانەی کە پێویستە لە رووی پەروەردەییەوە مامۆستا هەبێت، بریتین لە:(توانستی سەبارەت بەو بابەتەی دەیڵێتەوە، شارەزاییەکی باشی هەبێت لە گەیاندنی زانیارییەکان، دەنگی ساز بێ لەکاتی وانەوتنەوە، هەڕەشەنەکردن لە قوتابی بە شکاندنی نمرە). هەروەها ئەو خەسڵەتانەی کە پێویستە لەرووی پەیوەندییەکانی لەگەڵ قوتابیاندا هەبێت، بریتین لە:(ڕەچاوکردنی کێشەکانی قوتابیان، بابەتیبوون لە مامەڵەکردنی لەگەڵ قوتابیان و لاگیریی نەکات، بابەتیبوون لەکاتی دانانی نمرەی ئەزموونەکان).

٢: **ئەخلاقی ئەکادیمی مامۆستای زانکۆ: ئەمە توێژینەوەیەکە سەبارەت بە تێڕوانینی دەستەی وانەبێژانی زانکۆی ئوردنی بۆ ئەو جۆرە ئەخلاقانەی پێویستە مامۆستای زانکۆ هەیبێت. (الحوراني و طناش، ٢٠٠٧)**. ئەم توێژینەوەیە کۆشاوە بۆ ئەوەی لەروانگەی دەستەی وانەبێژانی زانکۆی ئوردنییەوە، ئەو رەفتارە ئیتیکییانەی مامۆستای زانکۆ بخاتەڕوو کە بەدەرەکەون لەبواری پسپۆڕییەکەیدا لە هەڵسوکەوتی لەگەڵ قوتابی، هاوپیشەکانی و دەستەی کارگێڕیی زانکۆ. هەروەها هەوڵدراوە بەپێی ڕەگەز، پلەی زانستیی، کۆلێژ و تەمەنی نموونەکە، هەڵسەنگاندنیان بخاتەڕوو سەبارەت بە رەفتاری ئەکادیمیی مامۆستایان. لێرەدا کۆمەڵگای توێژینەوەکە پێکهاتووە لە (٧٤١) ئەندام، کە (٤٣٢)یان وەڵامی پرسیارنامەکانیان داوەتەوە. هەروەها پێوەری پێنجینەی لیگەرت بەکارهاتووە، بۆ پێوانەکردنی رەفتاری ئەکادیمی مامۆستای زانکۆ. ئەم توێژینەوەی بە چەند ئەنجامێک گەیشتوە: سەبارەت بە شێوازەکانی ئیتیکی ئەکادیمی لای مامۆستای زانکۆ، ئەوا (١٤) رەفتاری دەستنیشانکردوە، کە نوێنەرایەتیی شێوازەکانی ئیتیکی مامۆستا دەکەن، کە لەوم چوارچیوانەدا دەخولێنەوە: ریزنەگرتن لە قوتابی و گوێنەدان بە بۆچوون و تێڕوانینەکانیان، فەرامۆشکردنی باکگراوندی قوتابی لەکاتی وانەبێژیی، هەڵسوکەوتی نەشیاو بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئادابی گشتیی، هەڵپەرسی بەرامبەر بە زانکۆ و قوتابی، بۆ گەیشتن بە مەرامی تایبەتی (دروستکردنی پەیوەندی نەگونجاو-سۆزداریی- لەگەڵ قوتابیی _کچ/کوڕ_)، نەپاراستنی نهێنی (قوتابی، هاوپیشەکانی، کارگێڕیی)، ڕێزنەگرتن لە یاسا و ڕێساکانی زانکۆ و پابەندنەبوون پێیانەوە، ڕێزنەگرتنی هاوپیشەکانی و دروستکردنی کێشە بۆیان. ئینجا ئەم توێژینەوەیە بەوە گەیشت، کە جیاوازیی ئاماژەدار هەیە سەبارەت بە گۆڕاوەکانی (ڕەگەز، پلەی زانستیی)، لەبەرامبەردا جیاوازی ئاماژەدار نییە سەبارەت بە گۆڕاوەکانی(تەمەن، زانکۆ).

**٣: دەستنیشانکردنی پلەی پەیبردنی دەستەی وانەبێژیی بۆ زۆرترینی ئەو هەڵسوکەوتە نائیتیکییانەی کە مامۆستای زانکۆ ئەنجامیان دەدات. (Robie & Keeping, 2004).** ئەمە توێژینەوەیەکە لەسەر بنچینەی پسپۆڕیی (بەڕێوەبردنی کار) لە زانکۆ کەنەدییەکان، ئەنجامدراوە بۆ دەستەکەوتن و دەستنیشانکردنی زۆرترینی ئەو خەسڵەتانەی کە مامۆستای زانکۆ لەکاتی وانەبێژیدا، مومارەسەیان دەکات و ئەخلاقئامێزیش نین. لێرەدا هەوڵدراوە بەپێی (ڕەگەز، تەمەن)، دەستنیشانی ئەو هەڵسوکەوتانە بکرێن. ئەم توێژینەوەیە بەچەند ئەنجامێک گەیشتوە: پێدانی نمرەی کەم بەو قوتابیانەی لەگەڵ رایەکانی ئەودا، هاوڕانین. دان بە زیرەکیی قوتابیدا نانێت کاتێک داهێنانێک یان ووتارێکی ئەکادیمی باش دەنوسێت، لەبری ئەوە مامۆستاکە ئەو داهێنان و توێژینەوانە، تەنها بەناوی خۆیەوە بڵاو دەکاتەوە. هەروەها جیاوازیی ئاماژەدار هەیە بەپێی ڕەگەز، سەبارەت بە ئاستی ئیتیکیی رەفتاری مامۆستای زانکۆ، جیاوازییەکەش بۆ کچان دەگەڕێتەوە، کەپێیان وایە ئەم هەڵسوکەوتانە(گەیاندنەوەی مامۆستا بۆ ماڵەوە، دروستکردنی پەیوەندیی و هاوڕێیەتیی لەگەڵ قوتابی کچ و کوڕ)، لەڕووی ئەخلاقییەوە، نەشیاون. لەبەرامبەردا، جیاوازیی ئاماژەدار بە پێی تەمەن دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی دەستەی وانەبێژیی کە تەمەنیان بچوکترە، ئەولەویەتیان بۆ دروستکردن و ئەنجامدانی توێژینەوەیە، بەڵام وانەبێژە بەتەمەنەکان ئەولەیەتییان بۆ شارەزایی پەروەردەییە، کە ئەمانە بە هەڵسوکەوتیی ئیتیکی دادەنێن، نەک ئەولەویەتی

ئەنجامدانی توێژینەوە.

**ئاستی ئێتیکی مامۆستای زانکۆ و پەیوەندیی بە چەندێتی رازیبوون و ئاسوودەبوونی قوتابیان: (Schnake et al., 2004).**

**ئەم توێژینەوەیە** ئاماژەدەکات بە پەیبردنیی قوتابیانی قۆناغی بەکالۆریۆس لە پسۆرییەکانی کارگێڕی و کار، سەبارەت بە پلەی ئێتیکی مامۆستای زانکۆ و پەیوەندی بە چەندێتی رازیبوونیان و ئاسوودەبوونیان لە زانکۆ و ئاراستەکانیان سەبارەت بەمانەوە لەو زانکۆیە یان گواستنەوەیان بۆ زانکۆی دیکە. لێرەدا توێژینەوەکە گەیشتووە بە چەند ئەنجامێک؛ بوونی پەیوەستییەکی نێگەتیڤ لەنێوان پەیوەندییە نەشیاوەکان لەبواری ئالوگۆڕیی زانستیی و پەروەردەیی، خزمەتگوزارییەکان، پارەی خوێندن و پلەی ئاسوودەبوونی قوتابی لە زانکۆ و ئاراستەکانیان بۆ خۆگواستنەوە بۆ زانکۆیەکی تر. هەروەها بوونی پەیوەستی پۆزەتیڤ کە ئاماژەی ئاماریی هەیە لەنێوان پلەی ئاسوودەبوونی قوتابی لە زانکۆ لەلایەک و ئاراستەکانیان سەبارەت بە بەردەوامبوونیان لەم زانکۆیە، لەگەڵیشیدا دەرککردنیان بە رەفتاری ئێتیک ئامێزی مامۆستای زانکۆ، لەلایەکی دیکەوە.

**٤: روانینی قوتابیانی زانکۆ بۆ ئێتیکی ئەکادیمی مامۆستای زانکۆ: (Kuther, 2003).** لێرەدا توێژەر هەوڵیداوە لایەنە ئێتیکییەکانی مامۆستای زانکۆ لەروانگەی قوتابیانەوە بخاتەروو. نموونەکەی لە (٢٤٩) قوتابی کچ و کوڕی یەکێک لە زانکۆکانی ئەمریکا، پێکهاتووە. ئینجا(٢٥) رەفتار وەک خەسڵەتگەلێک دەستنیشانکراون بۆ دەرخستنی پلەی ئێتیکی ئەکادیمی مامۆستای زانکۆ. لە توێژینەوەکەدا (١٠) هەڵسوکەوت بە نائێتیکی حسێبکران و رێژەی (٧٥%)ی تاکەکانی نموونەکە وایان داناوە کە ئەم رەفتارانە تەواو نەشیاون و ئێتیکیی نین، ئینجا ئەم رەفتارانە لەنێو چەند دەستەیەکدا پۆلێنکراون، وەک لای خوارەوە:

_ کاتێک مامۆستا وانە دەڵێتەوە و مادەکهولیی و هۆشبەرەکانی وەرگرتووە، کە رێژەی (٩٧%)ی تاکەکانی نموونەکە پێیانوایە ئەمە رەفتارێکی زۆر نائەخلاقییە.

_رێزنەگرتنی قوتابی لەلایەن مامۆستاوە، کە رێژەی (٩٧%)ی تاکەکانی نموونەکە بەلایانەوە، ئەم هەڵسوکەوتە، تەواو نەشیاو و نائێتیکییە، کاتێک مامۆستا خۆی بەسەر قوتابیدا زاڵدەکات و قسەی پێدەڵێت.

_کاتێک مامۆستای زانکۆ بە ئەمانەتەوە هەڵسەنگاندن بۆ قوتابی ناکات. رێژەی (٩١%)ی تاکەکانی نموونەکە هەڵسوکەوتی مامۆستا سەبارەت بە چاوپۆشیکردن لە قۆپیەی قوتابی؛ بەلایانەوە، ئەمە تەواو هەڵسوکەوتێکی ئێتیکیی نیە. هەروەها (٨٩%)ی تاکەکانی نموونەکە وەرگرتن و دزینی بیرۆکەی قوتابیان، کاتێک راپۆرت یان پرۆپۆزەڵێک بە مامۆستای بابەت دەدەن، بە رەفتارێکی تەواو نائەخلاقی لەقەڵەمی دەدەن. لەگەڵیشیدا رێژەی (٨٦%)ی تاکەکانی نموونەکە ئەو هەڵسوکەوتەی مامۆستا بە تەواو نائێتیکی لەقەڵەم دەدەن کاتێک نمرەی بەرز بەو قوتابییە دەدات کە خۆی کەیفی پێدێت، ئەگەرچی ئەوە گوزارشت لە ئاستی زانستی راستەقینەی قوتابییەکە ناکات.

**٥: رەفتاریی ئێتیکی و نائێتیکییانەی مامۆستای زانکۆ. (Robie & Kidwell, 2003).** ئەمە توێژینەوەیەکی سەبارەت بە بۆچوونی دەستەی وانەبێژیی لە کۆلێژەکانی کارگێڕی کار، سەبارەت بە رەفتاریی ئێتیکی و نائێتیکییانەی مامۆستای زانکۆ، لەڕوانگەی خودیی مامۆستایانەوە. نموونەکە لە (٨٣٠) وانەبێژیی زانکۆ پێکهاتووە کە لە کۆلێژەکانی کارگێڕیی و کاری ولایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا، پرسیارنامەکان دابەشکراون بەهۆی ئیمەیلی ئێلکترۆنییەوە. ئەم توێژینەوەیە لەمیانەی چەند تەوەرێکەوە، بەچەند ئەنجامێک گەیشتووە، لەوانە: نمرەی کەم بەو قوتابیانە دەدات کە بیروباوەڕی جیاواز لەویان هەیە، کە رێژەکەی دەکاتە (٩٣.١%)یان ئەم هەڵسوکەوتەیان پێ نائێتیکییە. لەبەرامبەردا رێژەی (٩١.٧%)ی تاکەکانی نموونەکە پێیانوایە رەفتاری نائێتیکیی ئەوەیە کە مامۆستا لەپەیوەندی سۆزداریدا بێت لەگەڵ قوتابییەکی خۆی. هەروەها جیاوازی ئاماژەداریش هەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ رەگەزی (مێ)، پێیانوایە ئەوەی لەم چوارچێوەیەدا بێت، رەفتاری نائێتیکین کە لەلایەن مامۆستای زانکۆوە مومارەسە دەکرێت: رێزنەگرتن لە بۆچوونی قوتابیان لەناو هۆڵی وانەبێژیدا، رەخنەگرتن لە هەموو ئەو ئاراستە هزرییانە دەگرێت کەلەگەڵ ئاراستە و هزریی خۆیدا جیاوازن یان ئەوانەی خۆی قەناعەتی پێیانە. هەروەها بەپێی تەمەن، جیاوازیی ئاماژەدار هەیە، کە ئەوانەی تەمەنیان گەورەیە لە دەستەی وانەبێژیی، پێیانوایە ئەوانەی بچنە چوارچێوەی ئەمانەی لای خوارەوە، رەفتارگەلێکی نائێتیکین: هەڵسەنگاندن بۆ قوتابیان دەکات بەبێبوونی پێوەرێکی ئاشکرا. وانە دەڵێتەوە بێ ئەوەی پێشوەختە خۆی بۆ ئامادەکردبێت. دەرسگوتارەکانی ساڵانی پێشوو دەڵێتەوە، بێ ئەوەی گۆڕانکاریی تێدا بکات.

**٦: ئەو هەڵسوکەوتانەی دەبێت مامۆستای زانکۆ هەیبێت. (Birch et al., 1999).** ئەم توێژینەوەیە لە یەکێ لە زانکۆکانی ئەمریکا ئەنجامدراوە بە ئامانجی دیاریکردنی ئەو رەفتارانەیە کە پێشبینیدەکرێت مامۆستای زانکۆ هەیانبێت، بۆ ئەوەی مۆدێلی ئێتیکی مامۆستای زانکۆ وێنابکات. لەم توێژینەوەیەدا دەرکەوتووە کە (٩٠%)ی مامۆستایانی بەشدار لە توێژینەوەکە، (٩) رەفتاریان

دەستنیشانکردووە وەک رەفتاری نائیتیکی. واتە ئەمانە تەواو نـائیتیکین یـان بەشێوەیەکی گشـتی نـائیتیکین. کە هەنـدێکیان دەچـنە چوارچێوەی هەڵسـەنگاندن و تـاقیکردنەوەی قوتابیـان، هەندێکیشـیان دەچـنە قـاڵبی پەیوەسـنیی نێـوان مامۆسـتا و قوتـابییەوە و هەندێکیشیان دەچنە چوارچێوەی چالاکیی وانەبێژییەوە. هەروەها توێژینەوەکە بەوە گەیشـت کە جیـاوازیی ئامـاژەدار بـوونی هەیە بەپێی رەگەز، بەوپێیەی بەلای مامۆستا پیاوەکانەوە بەشـداریکردن لە لێژنەکـانی زانکـۆ زۆر ئەخلاقـیە، بەڵام مامۆسـتایانی ئـافرەت پێیانوایە کەمکردنەوەی مادە و پێداویستییەکانی کۆرسەکان، بۆ ئەو قوتابیانەی کە بەرپرسیارەتی خێزانییـان لەئەسـتۆیە، رەفتـارێکی زۆر نا ئەخلاقییە.

**٧: رەفتاریی ئیتیکیی مامۆسـتای زانکـۆ.(Keith-Spiegel etal, 1993).** ئەمە تـوێژینەوەیەکە سـەبارەت بە دەرخسـتنی رەفتـاریی ئیتیکیی مامۆستای زانکۆ لەڕوانگەی قوتابیانەوە. نموونەیەکی (٤٨٢) کەسی لە قوتابیـانی (کـچ و کـوڕ)ی زانکـۆ، وەرگیـراون، لە دوو کۆمەڵگای جیاوازیی (شار و لادێ). لەڕێگەی پرسیارنامەوە پرسیار ئاراستە (٢٠٠) قوتـابی نێـو شـار، و (٢٨٢) قوتـابی نێـو لادێکـان، کە لەپلەی بەکالۆریۆسن، کراوە. ئەم تـوێژینەوەیە بە جیـاوازیی ئامـاژەدار گەیشـتووە، کە جیـاوازییەکەش دەگەڕێـتەوە بـۆ کچـان، کە پێیانوایە، چاوپۆشیکردن لە گزیکـردن، هەڵسـوکەوتێکی نـائیتیکییە. گـاڵتەپێکردن و سەرزەنشـتکردنی قوتـابی و خـۆلێنزیککردنەوە، هەروەها ناچارکردنی قوتابی بەوەی لەکاتی وانەکان و لەنێو هۆڵی وانەبێژی، نهێنییە کەسییەکانیان خۆیان بدرکێنن.

بەگـوێرەی ئەو ئەنجامەکـانی ئەو تـوێژینەوانەی سـەرەوە، دەردەکەوێـت کە کۆمەڵێـک هەڵسـوکەوت هەن دەکرێـت بە رەفتاری ئیتیکی لەقەڵەم بدرێن. ئەو رەفتارانەی کە ئیتیکین و چاوەڕوان دەکرێت مامۆستای زانکۆ لەکەسایەتیی و رەفتاری رۆژانەی لەنێو هۆڵ و لەچوارچێوەی زانکۆ دا، رەنگیان پێبداتەوە، ئەمانەن: رێزگرتن لەقوتـابی لەنـاو هۆڵەکـانی وانەبێـژی، رێزگـرتن لە رای جیـاواز. رێزگـرتن و یارمەتیـدانی هاوپیشـەکانی خـۆی، پاراسـتنی نهێنـی وەزیفـی. پەرەدان بە لایەنـی مەعریفـی کە تـایبەتە بە پسپۆرییەکەی، هەڵسـەنگاندنی قوتـابی بەپێـی ئاسـتی زیرەکـی، ئەنجامـدانی تـوێژینەوەی زانسـتی بەبەردەوامـی. بەشـداریکردن لە بەرەوپێشبردنی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن، نوێکردنەوەی وانەکان لەساڵانی داهاتوو، خـۆ ئامـادەکردنی پێشـوەختە بـۆ وانەکـان، لەکاتی تاقیکردنەوە، ئاسانکاری نەکردن بۆ ئەو قوتابیانەی گزیی دەکەن. بەکارنەهێنانی توێژینەوە و داهێنانی قوتابیـان بـۆ ئامـانجی تایبەتی خۆیی. دروستنەکردنی فشاریی دەروونی لەسەر قوتابی. بەکارنەهێنان موڵکی زانکۆ بۆ بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆی.

**شەشەم: میتۆدی توێژینەوە**

میتۆد (Method) بەوە پێناسە دەکرێت کە بریتییە لە هونەریی رێکخستنێکی راست بۆ کۆمەڵە هزرێک، ئینجا ئەو رێکخستنە یان بۆ دۆزینەوەی راستییەکە کە نایزانیین، یانیش ئەو رێکخستنە بەمەبەستیی سەلماندن و بەڵگە هێنانەوەیە بۆ ئەوانـی دیـکە(ابـراش، ٢٠٠٩، ص٦٩) یان پێناسە دەکرێت بەوەی کە ئامرازێکی دەستنیشانکراوە بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی دیارکراو(العسكري، ٢٠٠٧، ص١).

١: میتۆدی رووپێـوی کۆمەڵایـەتی (Social Survey Method) بـەڵام بەڕێگـەی نموونـە (Sample)، میتـۆدی رووپێـوی کۆمەڵایـەتی یەکێکە لە میتۆدە سەرەکییەکان بەکاردەهێندرێت لە توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکان، بۆ وەسفکردنی دیاردەیەکی لێتوێژراو و وێناکردنی بەشـێوەیەکی چەنـدێتی (کمـي) لەرێـگەی کۆکردنـەوەی زانیاییەکـان لەبـارەی بابـەتێکی دیـاریکراو، بەمەبەسـتی رێکخسـتن و شیکردنەوەیان(شـفيق، ٢٠٠٨، ص٨٧). هەروەهـا گشـتاندنی ئەنجامەکـانی نمـوونەکە بەسـەر ئەو کـۆمەڵگەی تـوێژینەوەیەی کە نموونەکەی لێوەرگیراوە، بەڵام تـا ئەو یەکـانەی وەک نمـوونەی تـوێژینەوە وەرگیـراون زۆر بێـت و، نزیـک بێـت لە خەسـڵەتەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوە و ئەوا باشتر دەتوانرێت ئەنجامەکانی لەسەر بگشتێنرێت(عقيل، ٢٠١٠، ص٣٢٩).

2: میتۆدی بەراوردکاری (Comparative Method)، رێکارێکە ئەنجام دەدەرێت بە ئامانجی روونکردنەوە و پۆلێنکردنی هۆکارەکانی رووداو و دەرکەوتنی دیاردەیەکی دیاریکراو، لەگەڵ دەرخستنی شێوازی پەیوەندییەکانی ئەو هۆکارانەی دیاردەکەیان دروستکردووە، ئەوەش لە میانەی دەرخستنی لایەنە وێکچوو و جیاوازەکانی نێوانیان، کە لەچەند روویەکەوە دەتوانرێت بەراوردیان لەگەڵ یەکـدا، پێ بکرێت(ضامن،٢٠٠٧، ص١٠٣) لەم توێژینەوەیـەدا میتـۆدی بـەراوردکاری لەلایـەنی مەیـدانی، بـۆ بـەراوردکردنی نێـوان بۆچـوونی تاکەکانی نموونەی توێژینەوە بەپێی گۆڕاوەکـانی(زانکۆ، رەگـەز، تەمـەن، جـۆری بڕوانـامە، شـوێنی بەدەسـتهێنانی بڕوانـامە، پـلەی زانستی، پسپۆری و، ساڵانی خزمەتی زانکۆیی) بەکارهاتووە.

**حەوتەم: کۆمەڵگە و نموونەی توێژینەوە**

**1: دیاریکردنی کۆمەڵگەی توێژینەوە**

کۆمەڵگەی توێژینـەوە گشـت ئـەو تاکانـە یـان حاڵەتانـە دەگرێتـەوە، کـە تـوێژەر دەیـەوێت ئەنجامـەکانی توێژینەوەکـەی بەسەریاندا بگشتێنێت. ئەم توێژینەوەیە لەبارەی ناونیشانی (**ئیتیکی ئەکادیمی لای مامۆستای زانکۆ (توێژینەوەیەکی مەیـدانییە**

**له ڕوانگەی مامۆستایانی زانكۆ حكومییەكانی هەرێمی كوردستان)** كۆمەڵگەی توێژینەوەكەی بریتی دەبێت لە هەموو مامۆستایانی وانەبێژ لە هەموو زانكۆ حكومییەكانی هەرێمی كوردستان.

**3-2-2: دیاریكردنی نموونەی توێژینەوە**

لەم توێژینەوەیەدا نموونەیەكی هەرەمەكی (Random Sample) لە جۆری (هێشوویی- العنقودية- Cluster) وەرگیراوە. هەندێ كات تاكەكان لە كۆمەڵگەدا لە چەند گروپێكدا پۆلێنكراون و توێژەر دەتوانێت لە جیاتی هەڵبژاردنی تاكەكان، گروپەكان هەڵبژێرێت(گراوتر و فۆرزانو، ٢٠١١، ص١٩١- ١٩٢). هەروەها لەم جۆرەی نموونە وەرگرتنەدا گروپەكان هەڵدەبژێردرێن نەك تاكەكان.( الزيباري، ٢٠١١، ص١٢٢). لەم توێژینەوەیەدا نموونەیەكی (١٧٤)كەسی وەرگیراون.

**هەشتەم: بوارەكانی توێژینەوە**

1: بواری مرۆیی: هەموو مامۆستایانی (میلاك) (پرۆفیسۆر، پرۆفیسۆری یاریدەدەر، مامۆستا)ی دەگرێتەوە كە وانە دەڵێنەوە لە هەر پێنج زانكۆی حكومییەكانی هەرێمی كوردستان، ئینجا چ پیاو بن یان ئافرەت.

2: بواری شوێن: سنووری جوگرافی توێژینەوەكە بریتییە لە زانكۆكانی (سەلاحەددین، سلێمانی، دهۆك، كۆیە و سۆران).

3: بواری كاتی: مەبەست لێی ئەو كاتەیە، كە بۆ لایەنی مەیدانی توێژینەوەكە تەرخان كرابوو، لەم توێژینەوەیەدا بواری كاتی ماوەی نێوان (١/ ٢/ ٢٠١٦ تاكو ٤/ ٦/ ٢٠١٦) بۆ كۆكردنەوە و شیكردنەوەی زانیارییەكان خایاندووە.

**نۆیەم: ئامرازی كۆكردنەوەی زانیارییەكان:**

لەم توێژینەوەیەدا پرسیارنامە (Questionnaire) بۆ كۆكردنەوەی زانیارییەكان بەكارهێنراوە، دوای ئەوەی پرسیارنامەكە لە سەرەتادا لە شێوەی چەند برگەیەك بەشێوەی پێوەری لیگەرت (Likert scale)ی پێنجی ئامادەكرا، ئینجا بۆ ئەوەی مەرجە سایكۆمەترییەكانی لێبێتە دی، هەردوو ئامرازی "راستێتی- Validity" و، "جێگیریی **Reliability**"(ناشمیاز، ٢٠٠٤، ص١٧٢- ١٨١) (محمد، ٢٠٠٧، ص٦٥- ٦٦) لەسەر جێبەجێ كرا.

پرسیارنامەكەی ئەم توێژینەوەیە بەمەبەستی هەڵسەنگاندن بۆ لای (٧) لە پسپۆران بردران، دوای گەڕانەوەی پرسیارنامەكە دەركەوت پلەی راستێتی ئامرازی پێوانەكردن بریتییە لە (٩٣.٩٥%)(سەیری پاشكۆی "٢" بكە)، ئەمەش بە ئاماژەیەكی زۆر باش دادەنرێت بۆ رازیبوونی پسپۆران لە پرسیارنامەكە. هەروەها بۆ دەرهێنانی جێگیری ئامراز، توێژەر (١٥) فۆرمی بەسەر كۆمەڵگەی توێژینەوەكەی دابەشكرد، لە رێگەی بەكارهێنانی هاوكۆڵكەی ئەلفا كرونباخ (Alpha Cronbach) دەركەوت جێگیری ئامراز (٠.٨٩١) هەروەها ئەمەش ئاماژەیەكی باشە بۆ جێگیری پرسیارنامەكە.

لە كۆتاییدا ژمارەی برگەكانی پرسیارنامەی ئەم توێژینەوەیە بوو بە (٣٢) پرسیار، لەوانەش (٨) پرسیاریان گشتین بۆ وەسفكردنی تایبەتمەندییەكانی ئەندامانی نموونەكە دانراون و، (٢٤) پرسیاریشیان تایبەتین و بەسەر چوار تەوەر دابەش كراون، بۆ دەرخستنی بۆچوونی مامۆستایان سەبارەت بە ئیتیكی ئەكادیمی لای مامۆستایانی زانكۆ.

**دەیەم: ئامرازە ئامارییەكانی بەكارهاتوو لەم توێژینەوەیەدا**

- لەو پێنج زانكۆیەی كە بە نموونە وەرگیراون، واتە لە قۆناغی یەكەمدا لە هەر زانكۆیەك بەپێی ژمارەی مامۆستایانی میلاك فۆرمی راپرسییەكەیان بەسەردا دابەشكراوە، ئینجا لە قۆناغی دووەمدا هەریەكە لەو زانكۆیانە چەند فۆرمی بەركەوتووە بەپێی ژمارەی مامۆستایانی بەپێی پسپۆری خوێندنی مرۆیی و خوێندنی زانستی فۆرمەكانیان بەسەر دابەشكراوە، بڕوانە (خشتەی ١):

**(خشتەی ١) چۆنیەتی وەرگرتنی نموونە بەپێی زانكۆكان ڕوونكراوە[*]**

| زانكۆ | ژمارەی مامۆستایانی میلاك | ڕێژەی سەدی | (قەبارەی نموونە) | ژمارەی فۆرمی بڵاوكراوە | ژمارەی فۆرمی درووست و گەڕاوە |
|---|---|---|---|---|---|
| **سەلاحەددین** | ١٨١٤ | %٣٤.٨٥ | ١٣٩ | ١٤٥ | ٣٣ |
| **سلێمانی** | ١٥٥٧ | %٢٩.٩٠ | ١٢٠ | ١٢٥ | ٤٥ |
| **دهۆك** | ١٢٠١ | %٢٣.٠٧ | ٩٢ | ١٠٠ | ٣٧ |

[*] دروستكردنی خشتە كاری توێژەرانە بە پشتبەستن بە ئاماری وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی/ بەڕێوەبەرایەتی پلاندانان و ئامار.

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| کۆیە | ٣٧٥ | %٧.٢٠ | ٢٩ | ٣٥ | ٣٥ |
| سۆران | ٢٥٩ | %٤.٩٨ | ٢٠ | ٢٥ | ٢٤ |
| کۆی گشتی | ٥٢٠٦ | %١٠٠ | ٤٠٠ | ٤٣٠ | ١٧٤ |
| **تێبینی: توێژەران لە بنچینەدا (٤٣٠) فۆرمی راپرسی بڵاو کردەوە، بەڵام دوای بیست رۆژ تەنها (١٧٤) فۆرمی دروستی بۆ گەڕێندرایەوە.** | | | | | |

یازدەم: خستنەڕوو و شیکردنەوەی زانیارییەکانی توێژینەوە

یەک: خەسڵەتە گشتییەکانی تاکەکاتی نموونەی توێژینەوە

**(خشتەی 2)**

**خەسڵەتە گشتییەکانی تاکەکاتی نموونەی توێژینەوە دەخاتەڕوو**

| ر | گۆڕاوەکان | وەڵامەکان | ژمارە | رێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | زانکۆ | سەلاحەددین | 33 | %19 |
| | | سلێمانی | 45 | %25.9 |
| | | دهۆک | 37 | %21.2 |
| | | کۆیە | 35 | %20.1 |
| | | سۆران | 24 | %13.8 |
| 2 | رەگەز | نێر | 116 | %66.7 |
| | | مێ | 58 | %33.3 |
| 3 | تەمەن | کەمتر لە 30 ساڵ | 17 | %9.8 |
| | | 30- 39 ساڵ | 95 | %54.6 |
| | | 40- 49 ساڵ | 36 | %20.7 |
| | | 50 ساڵ و بەسەرەوە | 26 | %14.9 |
| 4 | جۆری بڕوانامە | ماستەر | 121 | %69.5 |
| | | دکتۆرا | 53 | %30.5 |
| 5 | شوێنی بەدەستهێنانی بڕوانامە | کوردستان | 94 | %54 |
| | | عێراق | 22 | %12.7 |
| | | دەرەوەی عێراق | 58 | %33.3 |
| 6 | پلەی زانستی | مامۆستای یاریدەدەر | 112 | %64.4 |
| | | مامۆستا | 48 | %27.5 |
| | | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | 9 | %5.2 |
| | | پرۆفیسۆر | 5 | %2.9 |
| 7 | پسپۆڕی | خوێندنی مرۆیی | 82 | %47.1 |
| | | خوێندنی زانستی | 92 | %52.9 |
| 8 | ساڵانی خزمەت | 1- 5 ساڵ | 46 | %26.4 |
| | | 6- 10 ساڵ | 68 | %39.1 |
| | | 11 ساڵ و بەسەرەوە | 60 | %34.5 |

لە (خشتەی ٢) کە تیاییدا خەسڵەتەکانی تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە خراوەتەڕوو، بۆمان دەردەکەوێت:

**زانکۆ:** رێژەی (25.9%) تاکەکانی نموونەی توێژینەوە مامۆستان لە زانکۆی سلێمانی، ئینجا رێژەی(21.2%) مامۆستان لە زانکۆی دهۆک، هەروەها رێژەی (20.1%) لە زانکۆی کۆیە مامۆستان، ئەو مامۆستایانەی لە زانکۆی سەلاحەددین وانە دەڵێنەوە رێژەی (19%) تاکەکانی نموونەکە پێکدەهێنن. هەروەها رێژەی (13.8%) مامۆستان لە زانکۆی سۆران.

**رەگەز:** تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە بە رێژەی(66.7%) لە رەگەزی نێر پێکهاتوون، رەگەزی مێ (33.3%) نموونەکە پێکدەهێنن. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە رێژەی مامۆستای نێر لە زانکۆکان زیاترە بەبەراورد لەگەڵ رەگەزی مێ.

**تەمەن:** تەمەنی تاکەکانی توێژینەوە بۆ چوار دەستەی تەمەنی دابەشکراون، ئەوانیش دەستەی تەمەنی (30- 39 ساڵ) ڕێژەی (54.6%) نموونەکە پێکدەهێنن، ئینجا دەستەی تەمەنی (40- 49 ساڵ) ڕێژەی (20.7%) و دەستەی تەمەنی (50 ساڵ و بەسەرەوە) ڕێژەی (14.9%) نموونەکە پێکدەهێنن و، کۆتا ڕێژەش (9.8%) ئەوانەن کە تەمەنیان (کەمتر لە 30 ساڵ)ە.

**جۆری بڕوانامە:** تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە بە ڕێژەی(69.5%) ئەو مامۆستایانەن کە هەڵگری بڕوانامەی ماستەرن، لە بەرامبەردا ڕێژەی (30.5%) نموونەکە ئەو مامۆستایانەن کە هەڵگری بڕوانامەی دکتۆران.

**شوێنی بەدەستهێنانی بڕوانامە:** ڕێژەی (54%) تاکەکانی نموونەی توێژینەوە ئەو مامۆستایانەن کە بڕوانامەیان لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بەدەستهێناوە، ئینجا ڕێژەی (33.3%) لەو مامۆستایانەن کە بڕوانامەیان لە زانکۆکانی دەرەوەی عێراق بەدەستهێناوە، هەروەها ڕێژەی (12.7%) تاکەکانی نموونەکە لەو مامۆستایانەن کە بڕوانامەیان لە شارەکانی دیکەی عێراق بەدەستهێناوە،(واتە جگە لە هەرێمی کوردستان).

**پلەی زانستی:** ڕێژەی (64.4%) تاکەکانی نموونەی توێژینەوە لەو مامۆستایانەن کە پلەی زانستیان (مامۆستای یاریدەدەر)ە، ئینجا ڕێژەی (27.5%) ئەوانەن کە پلەی زانستیان (مامۆستا)یە، هەرچی ئەو مامۆستایانەی (پرۆفیسۆری یاریدەدەر)ن ڕێژەی (5.2%) نموونەکە پێکدەهێنن، کۆتا ڕێژەش (2.9%) ئەوانەن پلەی زانستی (پرۆفیسۆر)یان هەیە.

**پسپۆڕی:** تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە بە ڕێژەی(52.9%) لە پسپۆڕی خوێندنی زانستی پێکهاتوون، هەرچی خوێندنی مرۆییشە ڕێژەی (47.1%) نموونەکە پێکدەهێنن.

**ساڵانی خزمەتی زانکۆیی:** ڕێژەی (39.1%) تاکەکانی نموونەی توێژینەوە ئەو مامۆستایانەن کە خزمەتی زانکۆییان لە نێوان (6- 10) ساڵی دایە، ئینجا ڕێژەی (34.5%) لەو مامۆستایانەن کە خزمەتی زانکۆییان لە نێوان (11 ساڵ و بەسەرەوەیە)، هەروەها ڕێژەی (26.4%) تاکەکانی نموونەکە لەو مامۆستایانەن کە خزمەتی زانکۆییان لە نێوان (1- 5) ساڵی دایە.

**دوو: شیکردنەوە و خستنەڕووی زانیارییە تایبەتییەکانی توێژینەوە**

ئامانجی ئەم باسە بۆ وەسفکردن بڕگە و پرسیارەکانی توێژینەوەکەیە لە ڕێگەی شیکردنەوەی راوبۆچوونی تاکەکانی نموونەی توێژینەوە، ئەمەش بە بەکارهێنانی ئامرازە ئامارییەکانی وەکو ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراوی برگە، ناوەندی گریمانەکراو، لادانی پێوەری و، ڕێژەی رازیبوون.

سەبارەت بە ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراوی برگە، ئەگەر گەورەتر بوو لە ناوەندی گریمانەکراو (3) ئەوا ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە تاکەکانی نموونەی توێژینەوە رازین لەسەر ناوەڕۆکی برگەکە، هەروەها ئەگەر ڕێژەی رازیبوونی هەر برگەیەك گەورەتر بوو لە (60%) ئەوا بەهەمان شێوە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە تاکەکانی نموونەی توێژینەوە رازین لەسەر ناوەڕۆکی برگەکە. ئەمەش لەسەر ناوەڕۆکی هەموو برگەکانی پرسیارنامەکە جێبەجێ دەبێت.

**1: بۆچوونی مامۆستایان لەبارەی وانەکان و پرۆسەی وانەوتنەوە**

ریزبەندی برگەکانی تەوەری یەکەم (**بۆچوونی مامۆستایان لەبارەی وانەکان و پرۆسەی وانەوتنەوە**) لە برگە (1- 7) بەشێوەی گەورە بۆ بچووك لەسەر بنەمای ڕێژەی رازیبوون ریزبەند کراوە. هەروەکو لە (خشتەی 3) بۆمان دەردەکەوێت، بەگشتی مامۆستایان بۆچوونیان لەبارەی وانەکان و پرۆسەی وانەوتنەوە باشە، چونکە ڕێژەی رازیبوونی (68.42%) و گەورەترە لە ڕێژەی (60%)، هەروەها ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراوی برگەکان (3.42) و گەورەترە لە ناوەندی گریمانەکراو (3)، بە لادانی پێوەری (1.17)، ئەمەش ئاماژە بۆ (**بەهێز**)ی ناوەڕۆکی ئەو تەوەرەیە دەگەیەنێت.

**خشتەی (3) وانەکان و پرۆسەی وانەوتنەوە لای نموونەی توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە**

| ر | برگەکان | ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراو | لادانی پێوەری | ڕێژەی رازیبوون | ریزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | دەرسگوتارەکانی بە بەردەوامی تازە دەکاتەوە. | 2.59 | 1.23 | % 51.8 | 7 |
| 2 | بەدواداچوون بۆ ئەو توێژینەوە نوێیانە دەکات، کە پەیوەستن بەو بابەتەی ئەو دەیڵێتەوە | 2.62 | 1.20 | % 52.4 | 6 |
| 3 | کە دەچێتە هۆڵی وانە وتنەوە، خۆی بەباشی بۆ بابەتەکە ئامادەکردووە | 3.51 | 1.27 | % 70.2 | 5 |
| 4 | دەتوانێت پۆلی وانەوتنەوە کۆنترۆڵ بکات. | 3.68 | 1.24 | % 73.6 | 3 |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 5 | هەندێ بابەت لە هۆڵی وانە وتنەوە باس دەکات، ڕەچاوی باکگراوندی کولتووری، کۆمەڵایەتی و ئایینی قوتابیەکانی دەکات | 3.67 | 1.12 | % 73.4 | 4 |
| 6 | چیرۆک یان نوکتە لە هۆڵی وانەوتنەوە دەڵێت، کە دەستەواژەی نابەجێ یان نەشیاوی تێدایە. | 3.97 | 1.05 | % 79.4 | 1 |
| 7 | هەندێ بابەتی رووکەشی لە هۆڵی وانەوتنەوە باس دەکات، تەنها بۆ ئەوەیە کە کاتی وانەکە تێپەڕێت. | 3.91 | 1.10 | % 78.2 | 2 |
| | **کۆی گشتی** | 3.42 | 1.17 | % 68.42 | |

**سەبارەت بە برگەکانی تەوەرەی یەکەم ئەوا؛** برگەکانی (6، 7) کە بەشێوەی (نێگەتیڤ) داڕێژراون، واتە تا ڕێژەی رازیبوون زیاتر بێت، ئەوا مامۆستایان ئەو برگەیە رەت دەکەنەوە. لێرەدا برگەی (6) ڕێژەی رازیبوونی (79.4%) و برگەی (7) ڕێژەی رازیبوونی (78.2%) بەدەستهێناوە و گەورەترن لە ڕێژەی (60%)، ریزبەندی (1، 2) سەبارەت بە ڕێژەی رازیبوون لای تاکەکانی نموونەی توێژینەوە بەدەستهێناوە، هەروەها ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراوی برگەکان(3.97) و (3.91) گەورەترە لە ناوەندی گریمانەکراو (3)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ (**بەهێزی**)ی ناوەڕۆکی ئەم برگانەی کە دەڵێت (**چیرۆک یان نوکتە لە هۆڵی وانەوتنەوە دەڵێت، کە دەستەواژەی نابەجێ یان نەشیاوی تێدایە، هەندێ بابەتی رووکەشی لە هۆڵی وانەوتنەوە باس دەکات، تەنها بۆ ئەوەیە کە کاتی وانەکە تێپەڕێت).** کەواتە تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە پێیانوانە مامۆستایان doorن لەم جۆرە گوفتار و رەفتارە نائیتیکیانە.

بەڵام برگەی (1) ڕێژەی رازیبوونی (51.8%) و بچووکترە لە ڕێژەی (60%)، ریزبەندی (7) سەبارەت بە ڕێژەی رازیبوون لای تاکەکانی نموونەی توێژینەوە بەدەستهێناوە، هەروەها ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراوی برگە (2.59) و بچووکترە لە ناوەندی گریمانەکراو (3)، بە لادانی پێوەری (1.23)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ (**لاواز**)ی ناوەڕۆکی ئەو برگەیەی کە دەڵێت (**دەرسگوتارەکانی بە بەردەوامی تازە دەکاتەوە**).

هەروەها برگەکانی (4، 5، 3) ڕێژەی رازیبوونیان (73.6%، 73.4%، 70.2%) و گەورەترە لە ڕێژەی (60%)، ریزبەندی (3، 4، 5)یان سەبارەت بە ڕێژەی رازیبوون لای تاکەکانی نموونەی توێژینەوە بەدەستهێناوە، هەروەها ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراوی هەر سێ برگەکە (3.68، 3.67، 3.51) و گەورەترە لە ناوەندی گریمانەکراو (3)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ (**بەهێز**)ی ناوەڕۆکی ئەو برگانە.

هەرچی برگەی (2) ڕێژەی رازیبوونی (52.4%) و بچووکترە لە ڕێژەی (60%)، ریزبەندی (6) سەبارەت بە ڕێژەی رازیبوون لای تاکەکانی نموونەی توێژینەوە بەدەستهێناوە، هەروەها ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراوی برگە (2.62) و بچووکترە لە ناوەندی گریمانەکراو (3)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ (**مامناوەند**)ی ناوەڕۆکی ئەو برگەیەی کە دەڵێت (**بەدواداچوون بۆ ئەو توێژینەوە نوێیانە دەکات، کە پەیوەستن بەو بابەتەی ئەو دەیڵێتەوە**).

لەوەی سەرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی وانەکان و پرۆسەی وانەوتنەوە بەباشی بەڕێوە دەچێت، بەڵام رەخنەیان لەوە هەیە کە مامۆستایان بەبەردەوامی دەرسگوتارەکانیان تازە ناکەنەوە و بەدواداچوون ناکەن بۆ ئەو توێژینەوانەی کە پەیوەستن بەو بابەتانەی کە دەیڵێنەوە لە زانکۆدا.

**2: بۆچوونی مامۆستایان لەبارەی ریزگرتن لە هاوپیشە و رێنماییەکانی زانکۆ**

ریزبەندی برگەکانی تەوەری دووەم (**بۆچوونی مامۆستایان لەبارەی ریزگرتن لە هاوپیشە و رێنماییەکانی زانکۆ**) لە برگە (8- 14) بەشێوەی گەورە بۆ بچووك لەسەر بنەمای ڕێژەی رازیبوون ریزبەند کراوە. هەروەکو لە (خشتەی 4) بۆمان دەردەکەوێت، بەگشتی مامۆستایان بۆچوونیان لەبارەی **ریزگرتن لە هاوپیشە و رێنماییەکانی زانکۆ** باشە، چونکە ڕێژەی رازیبوونی (75.65%) و گەورەترە لە ڕێژەی (60%)، هەروەها ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراوی برگەکان (3.78) و گەورەترە لە ناوەندی گریمانەکراو (3)، بە لادانی پێوەری (1.12)، ئەمەش ئاماژە بۆ (**بەهێز**)ی ناوەڕۆکی ئەو تەوەرەیە دەگەیەنێت.

**خشتەی (4) ریزگرتن لە هاوپیشە و رێنماییەکانی زانکۆ لای نموونەی توێژینەوەکە روونده‌کاتەوە**

| ر | برگەکان | ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراو | لادانی پێوەری | ڕێژەی رازیبوون | ریزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|
| 8 | یارمەتی قوتابی نادات، بۆ بەرزکردنەوەی سکاڵا لەسەر مامۆستایەکی دیکە. | 4.06 | 1.07 | % 81.2 | 1 |
| 9 | ئامۆژگاری قوتابییەکی دیاریکراو دەکات، کە وانەیەکی دیاریکراوی مامۆستایەک | 4.02 | 1.08 | % 80.4 | 2 |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | نەخوێنێت، ئەگەرچی لەرووی زانستی و شارەزاییەوە مامۆستایەکی بەتوانایە. | | | | |
| 10 | ڕێگە بە قوتابی نادات رەخنە لە توانست یان کەسایەتی مامۆستایەکی دیکە بگرن، کە لە بەشەکەی خۆیەتی. | 3.87 | 1.22 | % 77.4 | 3 |
| 11 | پارێزگاری لە کەشێک دەکات، کە کەشێکی هاوپیشەیە لەگەڵ مامۆستاکانی دیکەی بەشەکەی. | 3.71 | 1.09 | % 74.2 | 6 |
| 12 | لە نێو ئەو لێژنانەی لەسەر ئاستی بەش یان کۆلێژ یان زانکۆ دادەنرێن، کار دەکات و خۆی بەدوور ناگرێت. | 3.31 | 1.29 | % 66.2 | 7 |
| 13 | بەو پلانەی بۆ کۆرسی خوێندن و مەنهەجی بابەتەکە دایناوە، پابەند دەبێت. | 3.72 | 1.10 | % 74.4 | 5 |
| 14 | پێش تەواوبوونی کاتی وانەکان، کۆتایی بە دەرسگوتارەکەی دەهێنێت. | 3.79 | 1.05 | % 75.8 | 4 |
| | **کۆی گشتی** | 3.78 | 1.12 | % 75.65 | |

**سەبارەت بە برگەکانی تەوەرەی دووەم ئەوا؛** برگەکانی (8) ڕێژەی رازیبوونی(81.2%) و گەورەترە لە ڕێژەی (60%)، ریزبەندی (1) سەبارەت بە ڕێژەی رازیبوون لای تاکەکانی نموونەی توێژینەوە بەدەستهێناوە، هەروەها ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراوی برگە(4.06) گەورەترە لە ناوەندی گریمانەکراو (3)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ (**بەهێز**)ی ناوەڕۆکی ئەم برگەیەی کە دەڵێت(**یارمەتی قوتابی نادات، بۆ بەرزکردنەوەی سکاڵا لەسەر مامۆستایەکی دیکە.).**

بەڵام برگەی (12) ڕێژەی رازیبوونی (66.2%) و گەورەترە لە ڕێژەی (60%)، ریزبەندی (7) سەبارەت بە ڕێژەی رازیبوون لای تاکەکانی نموونەی توێژینەوە بەدەستهێناوە، هەروەها ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراوی برگە (3.31) و گەورەترە لە ناوەندی گریمانەکراو (3)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ (**مامناوەند**)ی ناوەڕۆکی ئەو برگەیەی کە دەڵێت (**لە نێو ئەو لێژنانەی لەسەر ئاستی بەش یان کۆلێژ یان زانکۆ دادەنرێن، کار دەکات و خۆی بەدوور ناگرێت**).

هەروەها برگەکانی (9، 10، 14، 13، 11) ڕێژەی رازیبوونیان (80.4%، 77.4%، 75.8%، 74.4%، 74.2%) و گەورەترن لە ڕێژەی (60%)، ریزبەندی (2، 3، 4، 5، 6)یان سەبارەت بە ڕێژەی رازیبوون لای تاکەکانی نموونەی توێژینەوە بەدەستهێناوە، هەروەها ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراوی هەر پێنج برگەکە (4.02، 3.87، 3.79، 3.72، 3.71) و گەورەترە لە ناوەندی گریمانەکراو (3)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ (**بەهێز**)ی ناوەڕۆکی ئەو برگانە.

لەوەی سەرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە مامۆستایانی زانکۆ ریزدەگرن لە هاوپیشە و ڕێنماییەکانی زانکۆ و ناهێڵێت قوتابی لە وانەکەی ئەودا رەخنە لە توانست یان کەسایەتی مامۆستایانی دیکە بگرن، یان وانە و بابەتی مامۆستایانی دیکە بەکەم بزانێت و هانیان بدات کە ئەو وانەیە نەخوێنن. بەڵام رەخنەیان لەوە هەیە کە مامۆستایان لە نێو ئەو لێژنانەی لەسەر ئاستی بەش یان کۆلێژ یان زانکۆ دادەنرێن خۆیان بەدوور دەگرن.

**3: بۆچوونی مامۆستایان لەبارەی چۆنییەتی هەڵسەنگاندنی قوتابی**

ریزبەندی برگەکانی تەوەری سێیەم (**بۆچوونی مامۆستایان لەبارەی چۆنییەتی هەڵسەنگاندنی قوتابی**) لە برگە (15- 19) بەشێوەی گەورە بۆ بچووك لەسەر بنەمای ڕێژەی رازیبوون ریزبەند کراوە. هەروەکو لە (خشتەی 5) بۆمان دەردەکەوێت، بەگشتی مامۆستایان بۆچوونیان لەبارەی چۆنییەتی هەڵسەنگاندنی قوتابی باشە، چونکە ڕێژەی رازیبوونی (75.2%) و گەورەترە لە ڕێژەی (60%)، هەروەها ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراوی برگەکان (3.76) و گەورەترە لە ناوەندی گریمانەکراو (3)، بە لادانی پێوەری (1.16)، ئەمەش ئاماژە بۆ (**بەهێز**)ی ناوەڕۆکی ئەو تەوەرەیە دەگەیەنێت.

**خشتەی (5) چۆنییەتی هەڵسەنگاندنی خوێندکار لای نموونەی توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە**

| ر | برگەکان | ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراو | لادانی پێوەری | ڕێژەی رازیبوون | ریزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|
| 15 | بەبێ گۆڕانکاری نمونەی تاقیکردنەوەکانی پێشووتر لە بابەتەکەیدا بەکاردەهێنێتەوە. | 3.61 | 1.13 | % 72.2 | 5 |
| 16 | لە تاقیکردنەوەدا ئەو بابەتانە دەهێنێتەوە کە لە کۆرسبووکدا هەیە و، لە پۆلدا شرۆڤەی کردوون | 3.66 | 1.09 | % 73.2 | 4 |
| 17 | لە تاقیکردنەوەکاندا تەنها یەک شێواز بۆ هەڵسەنگاندنی قوتابییەکانی بەکاردێنێت. | 3.70 | 1.09 | % 74 | 3 |
| 18 | نمرەی بەرز بە قوتابی دەدات کە لەگەڵ ئاستی زانستییان ناگونجێت، بۆ ئەوەی لە | 3.74 | 1.34 | % 74.8 | 2 |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | هەڵسەنگاندن قوتابیەکانی نمرەی کەمی بۆ دانەنێن. | | | | |
| 19 | لە قۆپیەکردنی قوتابیدا توونده | 4.09 | 1.16 | % 81.8 | 1 |
| | **کۆی گشتی** | 3.76 | 1.16 | % 75.2 | |

**سەبارەت بە برگەکانی تەوەرەی سێیەم ئەوا؛** برگەکانی (19) رێژەی رازیبوونی(81.18%) و گەورەترە لە رێژەی (60%)، ریزبەندی (1) سەبارەت بە رێژەی رازیبوون لای تاکەکانی نموونەی توێژینەوە بەدەستهێناوە، هەروەها ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراوی برگە(4.09) گەورەترە لە ناوەندی گریمانەکراو (3)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ (**بەهێز**)ی ناوەڕۆکی ئەم برگەیەی کە دەڵێت**(لە قۆپیەکردنی قوتابیدا توونده)**.

هەروەها برگەکانی (18، 17، 16، 15) رێژەی رازیبوونیان (74.8%، 74%، 73.2%، 72.2%) و گەورەترن لە رێژەی (60%)، ریزبەندی (2، 3، 4، 5)یان سەبارەت بە رێژەی رازیبوون لای تاکەکانی نموونەی توێژینەوە بەدەستهێناوە، هەروەها ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراوی هەر چوار برگەکە (3.74، 3.70، 3.66، 3.61) و گەورەترە لە ناوەندی گریمانەکراو (3)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ (**بەهێز**)ی ناوەڕۆکی ئەو برگانە.

لەوەی سەرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە مامۆستایانی زانکۆ بەباشی هەڵسەنگاندن بۆ قوتابیان دەکەن، هەروەها توندن لە بەرامبەر قۆپییەکردنی قوتابیدا و نمرەدانانیان بەپێی ئاستی قوتابیانە و تەنها یەک شێوازیش بۆ هەڵسەنگاندنی قوتابی بەکارناهێنن و بەردەوامیش هەوڵدەدەن نموونەی پرسیارەکانیان جیاواز بێت بۆ ئەوەی بەباشی هەڵسەنگاندن بۆ قوتابیان بکەن.

**4: بۆچوونی مامۆستایان لەبارەی پەیوەندی نێوان مامۆستا و قوتابی**

ریزبەندی برگەکانی تەوەری چوارەم (**بۆچوونی مامۆستایان لەبارەی پەیوەندی نێوان مامۆستا و قوتابی**) لە برگە (20- 24) بەشێوەی گەورە بۆ بچووك لەسەر بنەمای رێژەی رازیبوون ریزبەند کراوە. هەروەکو لە (خشتەی 6) بۆمان دەردەکەوێت، بەگشتی مامۆستایان بۆچوونیان لەبارەی پەیوەندی نێوان مامۆستا و قوتابی باشە، چونکە رێژەی رازیبوونی (77.72%) و گەورەترە لە رێژەی (60%)، هەروەها ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراوی برگەکان (3.88) و گەورەترە لە ناوەندی گریمانەکراو (3)، بە لادانی پێوەری (1.14)، ئەمەش ئاماژە بۆ (**بەهێز**)ی ناوەڕۆکی ئەو تەوەرەیە دەگەیەنێت.

**خشتەی (6) ەیوەندی نێوان مامۆستا و قوتابی لای نموونەی توێژینەوەکە رووندەکاتەوە**

| ر | برگەکان | ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراو | لادانی پێوەری | رێژەی رازیبوون | ریزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|
| 20 | لە مامەڵەکردنی لەگەڵ قوتابیان لاگیری (تحیز) ناکات. | 3.89 | 1.27 | % 77.8 | 2 |
| 21 | پەیوەندی لەگەڵ قوتابیدا هەیە، ناوی هەموو قوتابییەکانی خۆی دەزانێت. | 3.66 | 1.13 | % 73.2 | 5 |
| 22 | لەگەڵ قوتابییەکانی مامەڵەی هەندێ شت دەکات، کە بۆنێکی ماددی لێ دێت (وەرگرتنی دیاری یان قەرزکردنی پارە لێیان). | 4.26 | 0.97 | % 85.2 | 1 |
| 23 | دەستخۆشی لەو قوتابیانە دەکات کە لە پۆلدا لێهاتوون. | 3.78 | 1.29 | % 75.6 | 4 |
| 24 | ئاسانکاری بۆ ئەو قوتابییە دەکات کە خۆی کەیفی پێ دێت. | 3.84 | 1.08 | % 76.8 | 3 |
| | **کۆی گشتی** | 3.88 | 1.14 | % 77.72 | |

**سەبارەت بە برگەکانی تەوەرەی چوارەم ئەوا؛** برگەی (22) کە بەشێوەی (نێگەتیڤ) داڕێژراوە، رێژەی رازیبوونی(85.2%) و گەورەترە لە رێژەی (60%)، ریزبەندی (1) سەبارەت بە رێژەی رازیبوون لای تاکەکانی نموونەی توێژینەوە بەدەستهێناوە، هەروەها ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراوی برگە(4.26) گەورەترە لە ناوەندی گریمانەکراو (3)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ (**زۆر بەهێز**)ی ناوەڕۆکی ئەم برگەیەی کە دەڵێت**(لەگەڵ قوتابییەکانی مامەڵەی هەندێ شت دەکات، کە بۆنێکی ماددی لێ دێت "وەرگرتنی دیاری یان قەرزکردنی پارە لێیان")**. واتە مامۆستاین بە توندی ئەو بابەتە رەت دەکەنەوە، کە مامۆستا دیاری یان قەرزی لە قوتابی وەرگرتبێت، چونکە پێیانوایە ئەمە لەگەڵ ئیتیکی مامۆستایەتی ناگونجێت.

هەروەها برگەکانی (20، 24، 23، 21) رێژەی رازیبوونیان (77.8%، 76.8%، 75.6%، 73.2%) و گەورەترن لە رێژەی (60%)، ریزبەندی (2، 3، 4، 5)یان سەبارەت بە رێژەی رازیبوون لای تاکەکانی نموونەی توێژینەوە بەدەستهێناوە، هەروەها

ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراوی هەر چوار برگەکە (3.89، 3.84، 3.78، 3.66) و گەورەترە لە ناوەندی گریمانەکراو (3)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ (**بەهێز**)ی ناوەڕۆکی ئەو برگانە.

لەوەی سەرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە مامۆستایانی زانکۆ پەیوەندییەکی تەندروستیان لەگەڵ قوتابیاندا هەیە، هەروەها لەگەڵ قوتابیدا لاگیری ناکات و بەیەکچاو سەیری هەموو قوتابییەکان دەکات و دەستخۆشی لە قوتابییە زیرەک و لێهاتووەکانی دەکات، بە هەموو شێوەیەک بابەتی ماددی لە نێوان مامۆستا و قوتابی رەتدەکاتەوە.

**5: پێوانەکردنی بۆچوونی مامۆستایانی زانکۆ لەبارەی ئیتیکی ئەکادیمی لای مامۆستایانی زانکۆ**

لە (خشتەی 7) بۆمان دەردەکەوێت، کە بە گشتی مامۆستایانی زانکۆ لەگەڵ ئەوەدان کە ئیتیکی ئەکادیمی لای مامۆستایانی زانکۆ هەیە، چونکە ناوەندی بەدەستهاتوو (88.75) گەورەترە لە ناوەندی گریمانەکراو (72)، هەروەها بە های تاقیکردنەوەی (ت) بۆ یەك نموونە (إختبار (ت) لعینة واحدە- One Sample T.test)ی هەموو برگەکانی پرسیارنامەکە (واتە هەر 24 برگە بەیەکەوە)(15.392) گەرەترە لە بەهای (ت)ی خشتەیی (1.986)، لە ئاستی ئاماژەداری ئاماری (0.05) و نمرەی ئازادی (173). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە مامۆستایانی زانکۆ (**لە ئاستێکی بەرزدا، رازین لە ئیتیکی ئەکادیمی لای مامۆستایانی زانکۆ**).

**خشتەی (7) ئەنجامی تاقیکردنەوەی (ت)ی بۆ یەك نموونە بۆ پێوانەکردنی جیاوازی نێوان ناوەندی بەدەستهاتوو و ناوەندی گریمانەکراو بۆ پرسیارنامەی ئیتیکی ئەکادیمی لای مامۆستایانی زانکۆ**

| پرسیارنامە | ناوەندی بەدەستهاتوو | لادانی پێوەری | ناوەندی گریمانەکراو | بەها (ت)ی | | ئاستی ئاماژەداری ئاماری لە 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | بەدەستهێنراو | خشتەیی | |
| **ئیتیکی ئەکادیمی** | 88.75 | 14.36 | 72 | 15.392 | 1.984 | ئاماژەدارە |
| **کۆی نموونە= 174** | | | **نمرەی ئازادی= 173** | | | |

**6: جیاوازی نێوان تاکەکانی نموونەی توێژینەوە بەپێی گۆڕاوەکان**

ئامانجی ئەم بابەتە بۆ وەسفکردن و شیکردنەوەی جیاوازی نێوان تاکەکانی نموونەیە بەپێی گۆڕاوەکانی توێژینەوە(زانکۆ، رەگەز، تەمەن، جۆری بڕوانامە، شوێنی بەدەستهێنانی بڕوانامە، پلەی زانستی، پسپۆری و ساڵانی خزمەتی زانکۆیی) لە رێگەی بەکارهێنانی ئامرازە ئامارییەکانی وەکو تاقیکردنەوەی (ت) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ (إختبار (ت) لعینتین مستقلتین- Independent Simple T.test) و تاقیکردنەوەی ئەنۆڤا (ف) (إختبار التباین الاحادی- One way ANOVA)، لە ئاستی ئاماژەداری (0.050). ئەمەش بۆ وەڵامدانەوەی ئەو گریمانەیەی کە دەڵێت **((جیاوازی لە نێوان تاکەکانی نموونەی توێژینەوە بەپێی گۆڕاوەکان هەیە، سەبارەت بە ئیتیکی ئەکادیمی لای مامۆستایانی زانکۆ)).**

**(خشتەی 8) جیاوازی نێوان تاکەکاتی نموونە بەپێی گۆڕاوەکانی توێژینەوە سەبارەت بە ئێتیکی ئەکادیمی لای مامۆستایانی زانکۆ**

| ر | گۆڕاوەکان | وەڵامەکان | ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای (ت) و (ف) دەرهێنراو | بەهای (ت) و (ف) خشتەیی | ماناداری | ئاستی ئاماژەدار لە 0.050 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | زانکۆ | سەلاحەدین | 33 | 91.36 | 12.17 | 1.133F= | 2.425 | 0.342 | ئاماژەدار نییە |
| | | سلێمانی | 45 | 87.84 | 14.88 | | | | |
| | | دهۆک | 37 | 85.24 | 15.09 | | | | |
| | | کۆیە | 35 | 91.22 | 14.82 | | | | |
| | | سۆران | 24 | 88.70 | 14.13 | | | | |
| 2 | ڕەگەز | نێر | 116 | 87.18 | 14.42 | 2.057T= | 1.974 | 0.041 | ئاماژەدارە |
| | | مێ | 58 | 91.89 | 13.83 | | | | |
| 3 | تەمەن | کەمتر لە 30 ساڵ | 17 | 85.70 | 9.31 | 0.660F= | 2.657 | 0.578 | ئاماژەدار نییە |
| | | 30- 39 ساڵ | 95 | 88.12 | 14.98 | | | | |
| | | 40- 49 ساڵ | 36 | 90.94 | 15.08 | | | | |
| | | 50 ساڵ و بەسەرەوە | 26 | 90.03 | 13.88 | | | | |
| 4 | جۆری بڕوانامە | ماستەر | 121 | 89.04 | 14.74 | 0.391T= | 1.974 | 0.696 | ئاماژەدار نییە |
| | | دکتۆرا | 53 | 88.11 | 13.56 | | | | |
| 5 | شوێنی بەدەستهێنانی بڕوانامە | کوردستان | 94 | 89.64 | 13.34 | 3.044F= | 3.048 | 0.051 | ئاماژەدار نییە |
| | | عێراق | 22 | 93.63 | 15.61 | | | | |
| | | دەرەوەی عێراق | 58 | 85.46 | 14.96 | | | | |
| 6 | پلەی زانستی | مامۆستای یاریدەدەر | 112 | 89.00 | 14.74 | 0.237T= | 1.974 | 0.601 | ئاماژەدار نییە |
| | | مامۆستا | 48 | 88.41 | 13.82 | | | | |
| 7 | پسپۆڕی | خوێندنی مرۆیی | 82 | 88.13 | 13.78 | 540.0T= | 1.974 | 0.590 | ئاماژەدار نییە |
| | | خوێندنی زانستی | 92 | 89.31 | 14.91 | | | | |
| 8 | ساڵانی خزمەت | 1- 5 ساڵ | 46 | 85.32 | 13.84 | 2.028F= | 3.048 | 0.135 | ئاماژەدار نییە |
| | | 6- 10 ساڵ | 68 | 90.77 | 15.24 | | | | |
| | | 11 ساڵ و بەسەرەوە | 60 | 89.10 | 13.44 | | | | |

**ئەنجامەکانی (خشتەی 8) پیشانی دەدات، کە:**

**زانکۆ:** جیاوازی لە نێوان تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوی زانکۆ (سەلاحەددین، سلێمانی، دهۆک، کۆیە و سۆران) نییە، چونکە بەهای (ف)ی دەرهێنراو (1.133) بچووکترە لە بەهای (ف)ی خشتەیی (2.425) لە ئاستی ئاماژەداری (0.050)، سەرەرای بوونی جیاوازی بەپێی گۆڕاوی زانکۆ بەڵام نەگەیشتوونەتە ئاستی ئاماژەداری ئاماری، بەمەش گریمانەی توێژینەوە ڕەتدەکرێتەوە و گریمانەی سفری وەردەگیرێت، کە دەڵێت ((**هیچ جیاوازییەك لە نێوان مامۆستایانی هەر پێنج زانکۆ نییە، سەبارەت بە ئێتیکی ئەکادیمی لای مامۆستایانی زانکۆ**)).

**ڕەگەز:** جیاوازی لە نێوان تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز (نێر و مێ) هەیە، چونکە بەهای (ت)ی دەرهێنراو (2.057) گەورەترە لە بەهای (ت)ی خشتەیی (1.974) لە ئاستی ئاماژەداری (0.050)، جیاوازیەکەش بۆ ئەو مامۆستایانە دەگەڕێتەوە کە لە ڕەگەزی (مێ)ن، چونکە ناوەندی ژمێرەیی ڕەگەزی مێ (91.89) گەرەترە لە ناوەندی ژمێرەیی ڕەگەزی نێر(87.18)، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ڕەگەزی مێ زیاتر گرنگیی بەو خەسڵەتانە دەدەن کە پێویستە مامۆستایانی زانکۆ لەهەڵسوکەوتیاندا ڕەنگبداتەوە، وەک: ئەو ڕەفتارانەی پەیوەندییان بە هەڵسەنگاندنی قوتابییەوە هەیە، ڕەفتارە کەسییەکان، ڕەفتاری پەیوەستە بە مەمەڵەکردن لەگەڵ هاوپیشەکانیاان، ڕەفتاری پەیوەست بە زانکۆ و پابەندبوون بە ڕێسا و یاساکانییەوە. هەروەها بەو هۆیەشەوە گریمانەی سفری

ڕەتدەکرێتەوە و گریمانەی توێژینەوە وەردەگیرێت، کە دەڵێت **((جیاوازی لە نێوان مامۆستایانی زانکۆ بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز (نێر و مێ) هەیە، سەبارەت بە ئێتیکی ئەکادیمی لای مامۆستایانی زانکۆ)).**

**تەمەن:** جیاوازی لە نێوان تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوی تەمەن (کەمتر لە 30 ساڵ، 30- 39 ساڵ، 40- 49 ساڵ و 50 ساڵ و بەسەرەوە) نییە، چونکە بەهای (ف)ی دەرهێنراو (0.660) بچووکترە لە بەهای (ف)ی خشتەیی (2.657) لە ئاستی ئاماژەداری (0.050)، سەرەرای بوونی جیاوازی بەپێی گۆڕاوی تەمەن بەڵام نەگەیشتوونەتە ئاستی ئاماژەداری ئاماری، بەمەش گریمانەی توێژینەوە ڕەتدەکرێتەوە و گریمانەی سفری وەردەگیرێت، کە دەڵێت ((**هیچ جیاوازییەك لە نێوان تەمەنە جیاوازەکان نییە، سەبارەت بە ئێتیکی ئەکادیمی لای مامۆستایانی زانکۆ**)).

**جۆری بڕوانامە:** جیاوازی لە نێوان تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوی جۆری بڕوانامە (ماستەر و دکتۆرا) نییە، چونکە بەهای (ت)ی دەرهێنراو (0.391) بچووکترە لە بەهای (ت)ی خشتەیی (1.974) لە ئاستی ئاماژەداری (0.050)، سەرەرای بوونی جیاوازی بەپێی گۆڕاوی جۆری بڕوانامە بەڵام نەگەیشتوونەتە ئاستی ئاماژەداری ئاماری، بەمەش گریمانەی توێژینەوە ڕەتدەکرێتەوە و گریمانەی سفری وەردەگیرێت، کە دەڵێت ((**هیچ جیاوازییەك لە نێوان مامۆستایانی هەڵگری بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرا نییە، سەبارەت بە ئێتیکی ئەکادیمی لای مامۆستایانی زانکۆ**)).

**شوێنی بەدەستهێنانی بڕوانامە:** جیاوازی لە نێوان تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوی شوێنی بەدەستهێنانی بڕوانامە (کوردستان، عێراق و دەرەوەی عێراق) نییە، چونکە بەهای (ف)ی دەرهێنراو (3.044) بچووکترە لە بەهای (ف)ی خشتەیی (3.048) لە ئاستی ئاماژەداری (0.050)، سەرەرای بوونی جیاوازی بەپێی گۆڕاوی شوێنی بەدەستهێنانی بڕوانامە بەڵام نەگەیشتوونەتە ئاستی ئاماژەداری ئاماری، بەمەش گریمانەی توێژینەوە ڕەتدەکرێتەوە و گریمانەی سفری وەردەگیرێت، کە دەڵێت ((جیاوازی لە نێوان مامۆستایانی زانکۆ بەپێی گۆڕاوی شوێنی بەدەستهێنانی بڕوانامە نییە، سەبارەت بە ئێتیکی ئەکادیمی لای مامۆستایانی زانکۆ)).

**پلەی زانستی:** جیاوازییەکی ئاماژەداری ئاماری لە نێوان تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوی پلەی زانستی (مامۆستای یاریدەدەر و، مامۆستا) نییە، چونکە بەهای (ت)ی دەرهێنراو (0.237) بچووکترە لە بەهای (ت)ی خشتەیی (1.974) لە ئاستی ئاماژەداری (0.050)، سەرەرای بوونی جیاوازی بەپێی گۆڕاوی پلەی زانستی بەڵام نەگەیشتوونەتە ئاستی ئاماژەداری ئاماری، بەمەش گریمانەی توێژینەوە ڕەتدەکرێتەوە و گریمانەی سفری وەردەگیرێت، کە دەڵێت ((جیاوازی لە نێوان مامۆستایانی زانکۆ بەپێی گۆڕاوی پلەی زانستی نییە، سەبارەت بە ئێتیکی ئەکادیمی لای مامۆستایانی زانکۆ)).

**پسپۆری:** جیاوازی لە نێوان تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوی پسپۆری (خوێندنی مرۆیی و خوێندنی زانستی) نییە، چونکە بەهای (ت)ی دەرهێنراو (0.540) بچووکترە لە بەهای (ت)ی خشتەیی (1.974) لە ئاستی ئاماژەداری (0.050)، سەرەرای بوونی جیاوازی بەپێی گۆڕاوی پسپۆری بەڵام نەگەیشتوونەتە ئاستی ئاماژەداری ئاماری، بەمەش گریمانەی توێژینەوە ڕەتدەکرێتەوە و گریمانەی سفری وەردەگیرێت، کە دەڵێت ((هیچ جیاوازییەك لە نێوان مامۆستایانی پسپۆڕی مرۆیی و زانستی نییە، سەبارەت بە ئێتیکی ئەکادیمی لای مامۆستایانی زانکۆ)).

**ساڵانی خزمەتی زانکۆیی:** جیاوازی لە نێوان تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوی ساڵانی خزمەتی زانکۆیی (1- 5 ساڵی، 6- 10 ساڵی و (11) ساڵ و بەسەرەوە) نییە، چونکە بەهای (ف)ی دەرهێنراو (2.028) بچووکترە لە بەهای (ف)ی خشتەیی (3.048) لە ئاستی ئاماژەداری (0.050)، سەرەرای بوونی جیاوازی بەپێی گۆڕاوی ساڵانی خزمەتی زانکۆیی بەڵام نەگەیشتوونەتە ئاستی ئاماژەداری ئاماری، بەمەش گریمانەی توێژینەوە ڕەتدەکرێتەوە و گریمانەی سفری وەردەگیرێت، کە دەڵێت ((هیچ جیاوازییەك لە نێوان ساڵانی خزمەتی زانکۆیی مامۆستایان نییە، سەبارەت بە ئێتیکی ئەکادیمی لای مامۆستایانی زانکۆ)).

**دوازدەم: ئەنجامەکانی توێژینەوە**

**1: ئەنجامەکانی تایبەت بە ئامانجی یەکەم**

لەم ئامانجەدا هەوڵدراوە بۆچوونی مامۆستایانی زانکۆ بزانرێت لەبارەی (وانەکان و پرۆسەی وانەوتنەوە، ڕیزگرتن لە هاوپیشە و ڕێنماییەکانی زانکۆ، چۆنییەتی هەڵسەنگاندنی قوتابی و، پەیوەندی نێوان مامۆستا و قوتابی).

بەگشتی لە ئێستادا مامۆستایانی زانکۆ لەگەڵ ئەوەدان، کە ئێتیکی ئەکادیمی لای مامۆستایانی زانکۆ هەیە، ئەنجامەکانیش بەمشێوەیەی لای خوارەوەن:

1- **سەبارەت بە وانەکان و پرۆسەی وانەوتنەوە**، ئەوا تاکەکانی نموونەی توێژینەوە بەرێژەی رازیبوونی (68.42%) رازین لە ئەداکردن و پرۆسەی وانەوتنەی مامۆستایان. هەروەها پێیانوایە وانەکان و پرۆسەی وانەوتنەوە بەباشی بەرێوە دەچێت و مامۆستایان دوورن لە بەکارهێنانیی دەستەواژە و گوفتاری نابەجێ لە هۆڵی وانەوتنەوە، بەڵام رەخنەیان لەوە هەیە، کە مامۆستایان بەبەردەوامی دەرسگوتارەکانیان تازە ناکەنەوە و بەدواداچوون ناکەن بۆ ئەو توێژینەوانەی کە پەیوەستن بەو بابەتانەی کە دەیڵێنەوە لە زانکۆدا.

2- **سەبارەت بە ریزگرتن لە هاوپیشە و رێنماییەکانی زانکۆ**، ئەوا تاکەکانی نموونەی توێژینەوە بەرێژەی رازیبوونی (75.65%) رێز لە هاوپیشە و رێنماییەکانی زانکۆ دەگرن. هەروەها پێیانوایە، کە مامۆستایانی زانکۆ ریزدەگرن لە هاوپیشە و رێنماییەکانی زانکۆ و ناهێڵیت قوتابی لە وانەکەی ئەودا رەخنە لە توانست یان کەسایەتی مامۆستایانی دیکە بگرن یان وانە و بابەتی مامۆستایانی دیکە بەکەم بزانێت و هانیان بدات کە ئەو وانەیە نەخوێنن. بەڵام رەخنەیان لەوە هەیە، کە مامۆستایان لە نێو ئەو لێژنانەی لەسەر ئاستی بەش یان کۆلێژ یان زانکۆ دادەنرێن خۆیان بەدوور دەگرن.

3- **سەبارەت بە چۆنییەتی هەڵسەنگاندنی قوتابی**، ئەوا تاکەکانی نموونەی توێژینەوە بەرێژەی رازیبوونی (75.2%) لە چۆنییەتی هەڵسەنگاندنی قوتابی رازین. هەروەها پێیانوایە، کە مامۆستایانی زانکۆ بەباشی هەڵسەنگاندن بۆ قوتابیان دەکەن، هەروەها توندن لە بەرامبەر قۆپییەکردنی قوتابیدا و نمرەدانانیان بەپێی ئاستی قوتابیانە و تەنها یەک شێوازیش بۆ هەڵسەنگاندنی قوتابی بەکارناهێنن و بەردەوامیش هەوڵدەدەن نموونەی پرسیارەکانیان جیاواز بێت بۆ ئەوەی بەباشی هەڵسەنگاندن بۆ قوتابیان بکەن.

4- **سەبارەت بە پەیوەندی نێوان مامۆستا و قوتابی**، ئەوا تاکەکانی نموونەی توێژینەوە بەرێژەی رازیبوونی (77.72%) لە پەیوەندی نێوان مامۆستا و قوتابی رازین. هەروەها پێیانوایە، کە مامۆستایانی زانکۆ پەیوەندییەکی تەندروستیان لەگەڵ قوتابیاندا هەیە، هەروەها لەگەڵ قوتابیدا لاگیری ناکات و بەیەکچاو سەیری هەموو قوتابییەکان دەکات و دەستخۆشی لە قوتابییە زیرەک و لێهاتووەکانی دەکات. هەروەها بە هەموو شێوەیەک بابەتی ماددی لە نێوان مامۆستا و قوتابی رەتدەکەنەوە.

**2: ئەنجامەکانی تایبەت بە ئامانجی دووەم**

لە ئامانجی دووەمدا هەوڵدراوە وەڵامی ئەو پرسیارە بدرێتەوە کە دەڵێت (ئایا جیاوازی لە نێوان تاکەکانی نموونەی توێژینەوە بەپێی گۆڕاوەکان هەیە؟ سەبارەت بە ئێتیکی ئەکادیمی لای مامۆستایانی زانکۆ). ئەوا دەرکەوتووە:

1- هیچ جیاوازییەکی ئاماژەداری ئاماری لە نێوان تاکەکانی نموونە بەپێی گۆڕاوەکانی (زانکۆ، تەمەن، جۆری بڕوانامە، شوێنی بەدەستهێنانی بڕوانامە، پلەی زانستی، پسپۆری و، ساڵانی خزمەتی زانکۆیی) سەبارەت بە ئێتیکی ئەکادیمی لای مامۆستایانی زانکۆ نییە.

2- بەڵام جیاوازی ئاماژەداری ئاماری لە نێوان تاکەکانی نموونە بەپێی گۆڕاوی (رەگەز) سەبارەت بە ئێتیکی ئەکادیمی لای مامۆستایانی زانکۆ هەیە. جیاوازیەکەش بۆ ئەو مامۆستایانە دەگەڕێتەوە کە لە رەگەزی (مێ)ن.

**سێزدەم: راسپاردەکانی توێژینەوە**

1- هانی مامۆستایان بدرێت، بۆ ئەوەی بە بەردەوامی دەرسگوتارەکانی تازە بکاتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش دەکرێت (لیژنەی پەرەپێدانی خوێندن) لە بەشەکانی زانکۆدا زیاتر چالاک بکرێت.

2- لەلایەن بەشەوە بەبێ جیاوازی لە نێوان مامۆستایان هەوڵبدرێت، هەموو مامۆستایان لە لیژنەکانی بەش و کۆلێژ و زانکۆ بەشداری پێبکرێن. نەوەکو تەنها کۆمەڵێک مامۆستا کاری لیژنەکان بکات و، ئەوانی دیکەش هیچ کارێک نەکەن.

**چواردەم: پێشنیازەکانی توێژینەوە**

1- لەبەرئەوەی ئەم توێژینەوەیە تەنها بۆچوونی مامۆستایانە و ئێتیکی ئەکادیمی لای مامۆستایانی وەرگرتووە، ئەوا توێژینەوەی دیکە بکرێت لەسەر قوتابیان و بۆچوونیان لەبارەی ئێتیکی ئەکادیمی مامۆستا.

2- تـوێژینه‌وه‌ی دیـكه‌ی هاوشـێوه‌ له‌سـه‌ر زانكـۆ ئه‌هلییه‌كـانی دیـكه‌ی هه‌رێـم ئه‌نجـام بـدرێت، بـۆئه‌وه‌ی بۆچـوونی ماملۆسـتایانی ئه‌و زانكـۆ ئه‌هلیـانه‌ له‌بـاره‌ی ئیتیكـی ئه‌كـادیمی بزانرێـت و، به‌راوورد بكرێـت به‌م تـوێژینه‌وه‌یه‌، تـا خـاڵه‌ لێكچـوو جیاوازه‌كان بخرێنه‌ڕوو.

**ملخص**

للاستاذ الجامعي دور اساسي و نشط من الناحيتين الكمية و كيفية في تطوير الانتاج المعرفي فى المجال الجامعي. من وظـائف الاسـتاذ الجـامعي: التعليم، التوجيه و تربية الطالب، لكي يتمكن الطالب من تطبيق المعارفه التي تعلمها خلال فترة الدراسة الجامعية في حياته الوظيفية و الاجتماعية. وبـذلك يستفيد منها و يفيد المجتمع ايضا. يسعى هذا البحث الى تسليط الضوء على سلوكيات الاخلاقية للاسـتاذ الجـامعي في المجـال الأكـاديمي، كـما يـراه أعضـاء هيئة التدريس في الجامعات الحكومية في اقليم كردستان. اي انها تحاول تحديد تلـك الصـفات التـي تعتـبر مـن الضـروري ان يتحلـى بهـا الاسـتاذ الجـامعي حسب راي اساتذة الجامعات. كما يسلط الضوء ايضا على الاختلاف في اراء الاساتذة من حيث السلوكيات الاخلاقية حسب: العمر، الجنس، المراتـب العلميـة، الشهادة الجامعية و سنوات الخدمة. من المناهج المستخمة في هذا البحث هي (المسح الاجتماعي، المقارن). يتضـمن مجتمـع البحـث (الجامعـات الحكوميـة في اقليم كردستان: صلاحالدين، سليمانية، دهوک، سوران و كوية). نوعية و حجم العينة عبارة عن (العينة العنقودية) بحجـم (١٧٤) مـن اسـاتذة المـلاك في تلك الجامعات من مختلف الدرجات العلمية و من كلا الجنسين. صدق الاستبيان (٩٣.٩٥%) و ثبات الاستبيان (٠.٨٩١). تم عرض نتائج البحث في عـدة محـاور؛ اهمها تلك المتعلقة بالمواد و عمليات التدريس. الاحترام بين المدرسين الزملاء و التعليمات الجامعية. كيفية تقييم الطلبة و العلاقة بـين الاسـتاذ و الطالـب. الاخلاقيات الاكادمية للاستاذ الجامعي و ايضا لاتوجد اي فروق ذات دلالة احصائية بين افراد العينـة بحسـب المتغيـرات (العمـر، الجـنس، المرتبـة العلميـة، الشهادي الجامعية و سنوات الخدمة).و لكن توجد فروق ذات دلالة احصائية بـين افـراد العينـة حسـب متغيـر الجـنس بالنسـبة لاخلاقيـات الاكادميـة للاسـتاذ الجامعي و هذا الاختلاف يرجع الى الاناث.

**Abstract**

University lecturer, as an active and main character in university has a main role in the quality and quantity of development and production of scientific knowledge in academic field. The profession of university lecturer: teaching, instructing and educating of students, so that after graduating university knowledge which he/she giant could help him/her in his/her professional and social life. This study tries to focus on those specialties in university lecturer's point of view is good university lecturers to hold them, also knowing the different way of lecturer's thinking for this ethical behaviors according to (faculty, age, gender, certificate, Degree and years of service in university). The used methods in this study are (social survey and comparative).also the study's society is state universities in Kurdistan region includes (Salahaddin, ,Sulemani,Duhok,Soran and Koya) the type and the volume of the sample is (random cluster) in the volume of (174) lecturers with different scientific degrees, the authenticity (93.95%) and stability (0.891) of questionnaires. The study results according to a number of pivots are showed, the significant ones are: lectures, lecturing process, respecting colleagues and university rules, student assessment way, student and lecturer's relationship, Statistical significance sample units according to variables (Faculty, gender, type of certificate, the certificate took place, Degree, specialization and years of service of university) about ethical academic there is not with university lecturers. But there is according to changing (gender) about ethical academic with university lecturers. And those Statistical significances are in female gender.

## لیستی سەرچاوەكان

ابراش، د. ابراهيم خليل (٢٠٠٩). المنهج العلمي وتطبيقاته في العلوم الاجتماعية. رام الله: دار الشروق للنشر والتوزيع.

ابو حميدان، يوسف عبدالوهاب، سواقد، ساري(٢٠٠٨). الصفات الواجب توافرها في عضو هيئة التدريس كما يراها طلبة جامعة مؤته، مجلة جامعة دمشق، المجلد ٢٤، العدد الاول.

البصيص، د. حاتم (٢٠١١). ضمان جودة الأداء التدريسي في التعليم الجامعي(تطوير الكفايات الأدائية للمعلم على ضوء معايير الجودة)، بحث مقدم الى المؤتمر العربي الدولي لضمان جودة التعليم العالي، جامعة الزرقاء الخاصة، الاردن.

الحوراني، غالب صالح و طناش، سلام يوسف (٢٠٠٧). الاخلاقيات الاكاديمية للاستاذ الجامعي من وجهة نظر اعضاء هيئة التدريس في الجامعة الاردنية، مجلة كلية العلوم التربوية، الجامعة الاردنية، مجلد ٣٤، عدد ٢.

الخولي، عبادة (٢٠٠٩). رؤى مستقبلية لمؤشرات أداء معلم المدارس الثانوية الصناعية في ضوء معايير الجودة،( المؤتمر العلمي الثاني لجامعة جرش الخاصة كلية العلوم التربوية" دور المعلم في عصرالتدفق المعرفي"، الأردن،

الزبيدي، د. صباح حسن عبد(٢٠٠٧). دور الجامعة في بناء و تطوير الاستاذ الجامعي في ضوء تكنولوجيا المعلوماتية، (المؤتمر العالمي للتعليم العالي في العراق)، اقليم كوردستان العراق، اربيل.

الزيباري، أ. د. طاهر حسو (٢٠١١). أساليب البحث العلمي في علم الاجتماع. بيروت: مجد المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع.

شفيق، محمد (٢٠٠٨). البحث العلمي (الأسس- الأعداد). الاسكندرية: المكتب الجامعي الحديث.

ضامن، منذر(٢٠٠٧)، اساسيات البحث العلمي، عمان: دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة.

العسكري، عبود عبدالله (٢٠٠٧). منهجية البحث العلمي في علوم الإنسانية، ط2. دمشق: دار النمير.

عقيل، أ. د. عقيل حسين (٢٠١٠). قواعد المنهج وطرق البحث العلمي. دمشق: دار ابن كثير للطباعة والنشر والتوزيع.

گراوتر و فۆرزانو ، فريدريک جی و لوری ان بی (٢٠١١). روشهای تحقيق برای علوم رفتاری، ترجمه اكبر رضائی، ويـرايش سـوم. تهـران: انتشـارات فروزش.

اللقاني، أحمد حسين والجمل، علي أحمد(١٩٩٩). معجم المصطلحات التربوية المعروفة في المناهج وطرق التدريس، ط٢، القاهرة: عالم الكتب.

محمد، أ.د. أماني موسى (٢٠٠٧). التحليل الاحصائي للبيانات. القاهرة: مركز تطوير الدراسات العليا والبحوث في العلوم الهندسية، جامعة القاهرة.

ناشمياز، شاڤافرانكفورت، داڤيد (٢٠٠٤). طرائق البحث في العلوم الاجتماعية، ترجمة: ليلى الطويل. ديمشق: دار بترا للنشر والتوزيع.

Anderson, S.K. and Kitchener, K.S.(1998) Nonsexual Postherapy Relationships: A Conceptual Framwork to Assess Ethical Risks, *Professional Psychology: Research and Practice,* 12 (3),

Birch, M., Elliott, D. and Trankel, M. A.(1999) Black and White and Shades of Gray: A Portrait of the Ethical Professor (Electronic Version). *Ethics and Behavior,* 9 (3).

Keith-Spiegel, P., Tabachnick, B.G. and Allen, M.(1993) Ethics in Academia: Students' Views of Professors' Actions (Electronic Version). *Ethics and Behavior,* 3 (2).

Kuther, T.L.(2003) A Profile of the Ethical Professor (Electronic Version). *College Teaching,* 51 (4).

Robie, C. and Keeping, L.M. (2004) Perceptions of Ethical Behavior among Business Faculty in Canada (Electronic Version). *Journal of Academic Ethics,* 2 (3).

Robie, C. and Kidwell, JR. R.E.(2003) the Ethical Professor and Undergraduate Student: Current Perceptions of Moral Behavior among Business School Faculty (Electronic Version). *Journal of Academic Ethics,* 1 (2).

Schnake, M., Fredenberger, B. and Dumler, M. P.(2004) Dimensions of Student Perceptions of Faculty Ethical Behavior: Refining A Measure and Relationships with Selected Outcome Variables. *Academy of Educational Leadership Journal,* 8 (2).